فایلی

# ڕەخنە

## ڕەخنە


* دوو ئەزموونی جیاوازی شانۆیی لە هەولێر و چەند قسەیەک
ژیلوان تاهیر

* نمایش و ئەویتر
گۆران عەلی کەریم

* ئێمەو نمایش و وەهمی شانۆکاری کورد
حەمەسوار عەزیز

* پەیمانگای هونەرەجوانەکان دەبێتە دەروازەیەکی نوێی بینەرانی شانۆ
مەولان حەمەدەمین

# دوو ئەزموونی جیاوازی شانۆیی لە هەولێر و چەند قسەیەک



*ژیلوان تاهیر

شانۆی کۆمیدی ئەزموونگەری نمایشی شانۆیی (گوڵێ و هیوایەکی تر) لە ئامادەکردن و دەرهێنانی هونەرمەند هیوا سوعاد و لەنواندنی ئەیام ئەکرەم (شەمۆ) و دلڤین موحسین (گوڵێ) بوو. ئەم نمایشەم لەرۆژی سێیەم (کۆتایی) بینی لە 2012/3/19 کاتژمێر (5)ی ئێوارە، لەسەر شانۆی هۆڵی گەل لە هەولێر.

**(پشوویەک)**

ئەم رۆژە زۆر زوو چوومە ناو هۆڵی گەل، هێشتا ماوەی نمایش کردن نیو کاتژمێری مابوو، سەرنجی خۆم دایە دیکۆر و سینۆگرافیای سەرشانۆ، دیکۆرەکە ئەزموونگەری بوو، بریتی بوو لە بازنەی زەوی لەسەر لا بەئاراستەی بینەر بە قەبارەی فراوانی سەر شانۆکە دروست کرابوو، لەناوەڕاستدا دەروازەیەک بۆ هاتن و چوون هەبوو، کە شێوەی بازنەیی بوو کە هێمای نهێنییەکانی ژیانی ناوەوەو دەرەوەی مرۆڤ بوو یان پیاسەکردن لەنێوان هەردوو حاڵەتی تاریکی و رووناکیدا کە زۆر جار گرێی پرسیارە فەلسەفییەکانی مرۆڤ و مەرگەسات و چرکە شادییەکان لێرەوە دەست پێ دەکەن. بەحەقیقەت من لە سەرەتای نمایشەکە چێژێکی ستاتیکی تەواوم وەرگرت لە کەش و هەواو دیکۆر و تەکوین و کوتلەکانی سەرشانۆ، چونکە یەکەمجارە لەشاری هەولێر شانۆیەکی کۆمیدی ئامێز بە دیکۆرێکی مۆدێرنی ئەزموونگەری ببینم، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ خولیاو ئارەزوو و تێڕوانینی دەرهێنەر هیوا سوعاد، وەکو لەنزیکەوە ئاگادارم کە هونەرمەند هیوا سوعاد هەر لە سەرەتای دەستپێکی بەرهەمە شانۆییەکانی لەساڵی 1986 کە لە نمایشی شانۆیی (شێتەکانی ئەم رۆژگارە)وە ڕێچکەی شانۆی ئەزموونگەری هەڵگرتووە، بەڵام لەدوای راپەرین لەم ستایلە لایداو ویستی پیاسەیەک بەنێو زۆر لە ستایل و شێوازە شانۆییەکاندا بکات، لەم ماوەی دواییدا هەوڵیدا لەرێگەی شانۆی میللی هاوچەرخەوە، سۆزو عاتیفەی بینەر راکێشێتەوە بۆ ناو هۆڵی شانۆیی لەرێگەی چەند تێکستێکی محەلی کە تەعبیریان لە ژیانی جارانی شاری هەولێر دەکرد بەتایبەتی لە گەرەک و بازارە کۆنەکان.

**(پشوویەک)**

ئەو نمایشەی کە بینیمان کاری ئامادەکردنی بۆ کرابوو بەشێوەیەک کەزۆر دوور بوو لەتێکستە بنەرەتییەکەی (عەبدولکەریم بەرشید)، تێکهەڵکێشی باروودۆخە کۆمەڵایەتییەکانی ئەمڕۆی شەقامی کوردی کرابوو، بەڵام زیاتر دروشم ئامێز بوو کە دەکرا لەرێگەی رووداو و بەسەرهاتە رۆژانەییەکانەوە کە بەردەوام روو دەدەن زیاتر دەوڵەمەند بکرێت، هەر چەندە نمایشەکە لە سەرەتاوە تا کۆتایی شێوەیەکی رەخنە ئامێزی بەخۆوە گرتبوو لە بەڕێوەبردنی رووداو و دیمەنە شانۆییەکان لەسەر زمانی ئەکتەرەکان بەشێوەیەکی کۆمیدی و پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ شانۆ هەر لەسەرەتای راپەرینەوە تاکو ئەمرۆ وەکو قەڵەم و دەنگی رۆژنامەنووسان بوێر و ئازاد نەبووە، دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێ و ببێتە نوێنەری گەل ئەوەش هۆکاری زۆری لەپشتەوەیە هەربۆیە نەتوانرا شانۆی رەخنەئامێزی پڕ جورئەت سەرهەڵبدات هەروەکو ئەوەی لەبواری راگەیاندندا هەستی پێ دەکەین و هەیە...



**(پشوویەک)**

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەکتەرەکان نواندنەکەیان زۆر واقیعی بوو، رۆڵی چەندین کەسایەتی میللییان دەبینی بەواتای هەردوو ئەکتەر (شەمۆ) و (گوڵێ) رۆڵی چەندین کەسایەتی تریان دەبینی، کە ئەم شێوازە نواندنە لەشانۆی برێخت و شانۆی ئاهەنگسازیدا بەدی دەکرێت، بەڵام هەردوو ئەکتەر نەیانتوانیبوو تەکنیکی نواندن (فەنتازیای کاراکتەر) بەکاربهێنن بۆ رۆڵە جیاوازەکان. بەتایبەتی هونەرمەند ئەیام ئەکرەم دەبووایە لە شێوازە تەقلیدییەکەی خۆی بێتە دەرەوەو خۆی لێ رزگار بکات، کە ئەمەش گەورەترین کێشەی ئەکتەری کوردییە بەگشتی کە بە شێوازێک نووساوە ناتوانن لێی دەرباز بن، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە وەرزشی شانۆیی ناکەن و رۆژانە پرۆڤەی تەکنیکی نواندن ناکەن تەنها لەکاتی وەرگرتنی دەورەکەی لە شانۆییدا پرۆڤەی نواندن دەکات، کە ئەمەش کاریگەری سلبی لەسەر دەرهێنەری کورد دروست کردووە کە نەتوانن داهێنانی باڵا بەدەست بهێنن، چونکە ئەکتەر رەگەزێکی هەرە گرنگی شانۆیە و هیچ دەرهێنەرێکی خاوەن ئەزموون بەبێ ئەکتەری باش و سەرکەوتوو ناتوانێت بەرهەمی شانۆیی سەرکەوتوو پێشکەش بکات.

**(پشوویەک)**

لەم نمایشە شانۆییەدا دەبووایە جلوبەرگ و رووناکی و میوزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان زۆر بەوردبینییەوە کاری لەسەر بکرێت، چونکە پێویستی بەگۆڕانی ریتمی خێراو زۆر زوو هەبوو هەرچەندە دەرهێنەر هەوڵی دابوو لەمیانی جووڵەو خێرایی ئەکتەرەکان هەندێ دیالۆگی توانج ئامێز سەرنجی بینەرەکانی ناو هۆڵ بۆ نمایش رابکێشن، بەڵام پرسیارە سەرەکییەکە لێرەدا دروست دەبێت ئاخۆ دەرهێنەر هیوا سوعاد لە کەشوهەوایەکی سنیۆگرافیایی ئەزموونگەری و لە نواندنێکی میللی واقیعیدا چیمان پێ بڵێ: نمایشی شانۆیی کۆمیدیای ئەزموونگەری یان دروست کردنی حاڵەتێکی نامۆ (کۆنتراست) کە پرسیارەکەی ئاراستەی بینەران بکات. لە هەردوو حاڵەتەکەدا پرسیارەکان بێ وەڵام نین، چونکە لە شانۆدا تێکهەڵکێش کردنی ستایل و شێوازە شانۆییەکان زۆر باوە بەتایبەتی لەشانۆی کوردیدا. دەرهێنەری کورد لە تەختەی شانۆیەکی سادەو ساکاردا هەوڵی داوە هەموو شتێک تاقی بکاتەوەو کەم و کوڕییەکان بشارێتەوە هەر بۆیە هەمیشە بەدوای بەدیلێکدا گەڕاوە تاکو سەرکەوتن بۆ نمایشەکەی تۆمار بکات و ئەم بۆچوونەش بیرکردنەوەیەکی باشەو ئەنجامی باشی لێکەوتۆتەوە لە شانۆی کوردیدا.



(پشوویەک)

لەکۆتایی سەرنجەکانمدا بەگشتی ئەم نمایشە شانۆییە سەرکەوتوو بوو و توانیبووی بینەرێکی زۆر بۆ ناو هۆڵی شانۆ راکێشێ و تەنانەت لە رۆژی سێیەم و کۆتایی نمایشدا کورسییەکانی هۆڵ هەمووی پڕ ببێتەوەو خەڵک بەپێوە بوەستن ئەوە خاڵێکی گرنگەو پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکەین، چونکە ساڵانێکە بزووتنەوەی شانۆی کوردی بەدەست نەبوونی بینەرەوە دەناڵێنێ، کە بیروڕای جیاواز هەیە لەسەر هۆکارەکان و چەندین جار باسی لێوەکراوەو سمینار و کۆڕی شانۆیی بۆ کراوە و چەندین نووسینی لەسەر نووسراوە، بەڵام زۆر گرنگە ئەمڕۆ بە هەر نرخێک بێت دەبێت کارێکی وابکەین کە بینەری تۆراوی شانۆی کوردی بگەڕێنینەوە ناو هۆڵ و هیوادارین هونەرمەند و دەرهێنەر هیوا سوعاد دوای (25) ساڵ لە ئەزموونی شانۆیی لەسەر ستایلێک بمێنێتەوەو گەشەی پێ بداو بەردەوام بێ.

* توندوتیژی لە نمایشی شانۆیی براکوژی

نمایشی شانۆیی (براکوژی) کە لە رۆمانی براکوژی (نیکۆس کازانتزاکی) ئەم بەرهەمە شانۆییە بوو، کە تیپی هونەری رۆژ بەهاوکاری بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ، لە رۆژانی 7-8-2012/4/9 لەهۆڵی گەل، کاتژمێر (5)ی ئێوارە نمایشی کرد.

سەرەتا دەمەوێ ئەوە بڵێم کە هەڵبژاردنی بابەتی (براکوژی) بۆ هەموو سەردەمانێک گرنگەو وانەیەکە کە دەکرێت مرۆڤ بەردەوام سوودی لێ وەربگرێت لە بەڕێوەبردنی هەموو دەسەڵاتێک و هەموو سیاسەتێک و مەزهەبێک و ئایدیایەک. ئەگەر برا دژایەتی برای کرد، ململانێکان قوڵ و قوڵتر دەبنەوەو رووداوەکان گەورە دەبن و ژیان تروسکایی پێوە نامێنێ و هیچ ئاسۆیەک نابینرێ بۆ دەربازبوون و خەونەکان هەمیشە و هەمیشە ترسناک دەبن و دژوار دەبن.

شانۆیی (براکوژی) ئەگەر لە قۆناغی شەڕی ناوخۆ نمایش بکرابا بەدڵنیاییەوە بۆ بینەری شانۆی ئەو سەردەمە گرنگی و تایبەتمەندی زیاتری دەبوو، هەرچەندە ئەو پرۆسەیە ڕەگو ریشەی لەناو ناخی زۆرێک لە مرۆڤەکاندا داکووتیوەو ئەم براکوژییە بە مۆدێلی نوێترو بەململانێی سارد هەر بەردەوامە، لەگەڵ ئەوەش ئەمرۆ شەقامی کوردی ڕۆژانە مۆدێلاتی نوێ پێشکەش دەکات و شانۆش هەڵبەتە ڕەنگدانەوەی ئەم فەزایەیە، مادامەکێ شانۆ بۆ بینەرەو بینەریش نەوەی شەقامە و تەواوکەری پرۆسەکەیە، هەر بۆیە پێویستە بزانین بینەری ئەمرۆی کوردی تێنوێتی بە چ بابەتێک دەشکێت. دەرهێنەر مەهدی حەسەن قوتابی خۆم بووە لەپەیمانگای هونەرەجوانەکان، لە چەندین بەرهەم لەگەڵ مندا بەشداری کردووەو خەیاڵ و فەنتازیایەکی جوانی هەیە، زۆر گرنگی دەدات بە فەزای شانۆ و ستاتیکی نمایش و دەست ڕەنگینە لەبواری رووناکی شانۆیی، کە ئەمەش خزمەتی نمایشە شانۆییەکانی کردووەو بەهایەکی گرنگی پێ بەخشیوە، لەو رێیەشەوە هەوڵدەدات وێنەو تابلۆی سەرنجڕاکێش لەسەر شانۆ ڕەسم بکات لەمیانی ئەکتەرو رووناکی و سەرجەم ڕەگەزە هونەری و تەکنیکییەکانی سەر شانۆ، بەڵام لەلایەنی ئەدەبییەوە بەواتای ئامادەکردنی تێکست و وەرگرتنی بیرۆکەو داڕشتنەوەی جارێکی تر یان تەناس کردنی دەق لە رۆمان و دیوانی شیعری هێشتا قوڵ نەبۆتەوەو ئەو دەسەڵاتەی بەسەردا ناشکێت، هەر بۆیە ئەگەر پەنا بباتە بەر تێکستە جیهانییە حازر بەدەستەکان دەتوانێت زیاتر و وردتر کاری دەرهێنانی تیادا بکات و لە بنەڕەتدا ئەو دەرهێنەرە نەک نووسەر، ئەو حاڵەتەش لەلای هەندێک لە دەرهێنەرەکان بەدی دەکرێت و زۆربەشیان تیایدا سەرکەوتوو نین، چونکە ئەدەب جیهانێکەو هونەریش جیهانێکی تر تەنانەت لە رووی فەنتازیاشەوە دوو دەسەڵاتی جیاوازن، پێویستە

ئەو حەقیقەتەش بڵێین کە دەرهێنەرانی ئێمە زیاتر گرنگیان بە لایەنی پراکتیکی هونەری داوە، نەک لایەنی ئەدەبی و ویژەیی و پرۆسەی نووسین و دەرهێنانیش دوو کاری پسپۆڕی جیاوازن، هەر لەم روانگەیەوە بەباشی نازانم دەرهێنەر وەکو ئەدیبیش دەست بەسەر هەموو دەسەڵاتەکان دابگرێت.
دەرهێنەر لەم نمایشەدا لەم مانۆرە سەربازیە مۆدێرنەدا نمایشەکەی دەست پێ دەکات کە بۆ جەنگ خۆیان نمایش دەکەن و خۆیان هەرزانفرۆش دەکەن، کە هەموویان چاکەت و پانتۆڵی ڕەشیان لەبەربوو، دابەش کردنی جووڵەو کوتلە و تەکوینە شانۆییەکان شێوازی زەخرەفەی




وەرگرتبوو بە ڕێکخستنێکی زۆر جوان و هاوتەریب کە بەپێچەوانەوە دەبووایە لەسەرەتاوە جووڵەی ڕێک و زەخرەفە ئامێز تێک بشکێنێ، چونکە شەڕ بەمانای بێهودەیی و پچڕان و تێک شکانی خەیاڵ و فیکرو ستاتیکا و هەموو بەها جوانەکانە.
ئەکتەرە کوڕەکان توانای جمناستیکی و جووڵەی ریتمی جەستەیی جوان و بێ وێنەیان هەبوو، بەڵام ململانێکان زۆر سارد بوو، کە دەبوا سات لەدوای سات رووداوەکان چڕتر ببنەوەو بەئاراستەی پۆپ و لووتکە هەنگاو بنێن. بیرۆکەی

ئەم نمایشە شانۆییە کە لە رۆمانی (براکوژی) وەرگیراوە لەفەلسەفەی بوونگەرایی (وجودی)یەوە سەرهەڵدەگرێ، فەیلەسووفەکانی بوونگەرایی دابەش دەبن بەسەر دووبەش، بوونگەرایی مەسیحی و بوونگەرایی بێ باوەڕ، وەکو بەڵگەیەک بۆ جیاوازی لەم شێوازە فەلسەفانەدا، بیروباوەڕەکان لەڕووی فۆرم و ناوەڕۆکەوە بەجیاوازی زۆرەوە (مفارقە pardox) دەردەکەون هەربۆیە کەسایەتییەکانی ئەم نمایشە بەهەمان جیاوازییەوە دەبینرێت. هەندێک بڕواداران و هەندێک باوەڕیان بە هیچ شتێک نەماوە لە هەندێ تابلۆ و بینراوی سەر شانۆدا ئەکتەرەکان جارێک دۆست و جارێکی تر دوژمن دەردەکەون، تا ئەو کاتەی باوک کوڕەکەی دەکوژێ و بستێ خاک نامێنێ تیایدا بینێژی و تەرمەکە هەر بەسەر کۆڵیەوەیە ئەمە ماناو شی کردنەوە و راڤەی زۆر هەڵدەگرێ ئا لێرەدا، دەرگای ئایدیا روحی و قەدەرییەکان و چەمکی هەموو شتێک لەپێناو ژیاندا و باوەڕنەبوون لەدنیای ئەو دیوی دوای مردن دەکەونە ململانێ و پرسیارە فەلسەفییەکەی شکسپیر دێتەوە گوڕێ کە دەڵێن)من هەم یان نیم ئەمەیە جەمسەری مەسەلەکە). زۆربەی فەیلەسوفە بوونگەراکان کۆمەڵێک توخمی کەلەپوری و ئایینی یان فۆرمی تازە لە هزری تێڕوانیندا بەتوخمی جیاواز و بە لێدانەوەی هەستە مەعریفیەکان پیشان داوە، بەهەمان شێوە رەوتی باوەڕبوون و بێ باوەڕی لەم نمایشەدا جەمسەرێکی گرنگی بەرێوەچوونی رووداوەکانە لەپێناو گەیشتن بە ئامانجەکان. دەرهێەر (مەهدی حسن) لەمیانی وێنەو دیمەنەکان کە وەکو رەشەبا دێن و دەچن لەژێر دروشم و هێماکان پێمان دەڵێت کە شەڕ و براکوژی و دۆستکوژی کوشتنی سیستەم و زانست و هونەرە، کوشتنی فیکرو فەلسەفەیە، کوشتنی زمانی وتووێژو دیالۆگە، کوشتنی هەموو تیشکە وەنەوشەییەکانە،

کوشتنی هیواو ئاواتەکانە. هەربۆیە هەوڵی دەدا قێزەوەنی وێنەکانی تر قێزەوەن تربکات وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و بە مۆدێلی جیاواز و جیاوازتر بەشێوەی (فینۆمنیۆلۆژیا).
دەرهێنەر مامەڵەیەکی تەقلیدیانەی لەگەڵ رەنگەکان کردبوو، فەزای شانۆ سەرتاپا بەپەردەی سپی داپۆشی بوو، ئەکتەرەکانیش هەموویان رەشپۆش بوون و دوو ئەکتەرە ئافرەتەکەش تێکەڵ لە رەنگی رەش و سپی، خۆ ئەگەر رەنگی سوور و سەوز و زەردی



بەکاربهێنابایە کاریگەری زیاتری دەبوو و کەش و هەوای نمایش نامۆتر دەبوو.
رۆمانی (براکوژی) کازانتزاکی رووداو و وێنەی تراژیدی و پڕ لەک ابوسی سەیری تێدایە کە لە نمایشێکی (3) کاتژمێری رەنگە بتوانی چەند وێنەیەک بەرجەستە بکەی کەچی دەرهێنەر نمایشەکەی بەنیو کاتژمێر کۆتایی پێ هێنا و ئەوەی کە زۆر هەستی پێ دەکرا یەک پارچە دیکۆر لەسەر شانۆدا نەبوو کەچی لە پرۆگرامدا نووسرابوو دیکۆر و سینۆگرافیا لەلایەن!!..0
رەنگە هەموومان کۆک بین لەسەر ئەوەی کە لەم جۆرە نمایشەدا موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان رۆڵی گرنگ ببینن لە دیاری کردنی کات و شوێن لە خولقاندنی باری دەروونی ئەکتەرەکان و لە وروژاندنی هەست و سۆزی بینەر بۆ تێکشکاندنی باری دەروونی فەزای شانۆ و لە چوونە ناو دەوری ئەکتەرەکان (تەقەموس)، کەچی دەرهێنەر کاری لەسەر موزیک نەکردبوو. ئەگەر لەرووی ستایل و شێوازی دەرهێنانەوە سەیری بکەین دەبینین ئەم نمایشە تێکەڵەیەک بوو لە بونیادی ستایلە باوەکان وەکو واقیعی و تەعبیری و رەمزی و لامەعقول و شانۆی شێوە و فۆرم ئامێز، هەروەها لەم نمایشەیدا دەرهێنەر زۆر گرنگی بە تەکنیکی رووناکی نەدابوو، بەڵکو زیاتر کاری لەسەر گەیاندنی فیکر کردبوو لەرێگەی جوولەو وێنە شانۆییەکان لە چوارچێوەی تابلۆ دەردەکەوێت.
لە شانۆی کوردیدا بەتایبەتی لای دەرهێنەرە گەنجەکان لەناو پرۆگرامی شانۆییدا چەندین زاراوەی دروست کراوی شانۆییت بەرچاو دەکەوێت کە نازانرێ لەکوێوە سەرچاوەی گرتووەو لەرووی زانستیەوە بونیان نییە وەکو چاودێری نمایش یان چاودێری فەزای شانۆ...هتد حەزدەکەم دەرهێنەر پێمان بڵێت چاودێری نمایش چ کەسایەتییەکی هونەرییەو یاریدەدەری دەرهێنەر یان سەربەخۆیە بەمانای ئەکادیمی کەسایەتی (دراماتورگی) لەشانۆی ئەوروپیدا رۆڵێکی گرنگی هەیە لە چاودێری کردن و رەخنەو بڕیاردان لەسەر تێکستی شانۆیی و گفتوگۆکردن لەگەڵ دەرهێنەر لەکاتی پرۆڤە لەسەر دیمەنە شانۆییەکان و شیکردنەوەیان، جا نازانم ئەرکەکانی چاودێری نمایش چین...!! مادامەکی ئەمرۆ لە کوردستان خاوەنی چەندین دامەزراوەی ئەکادیمی شانۆین وەکو پەیمانگە و کۆلێژی هونەرەجوانەکان و بەسەدان قوتابی بڕوانامەیان تیایدا وەرگرتووە، پێویستە خاڵ لەسەر پیتەکان دابنێین و زاراوە شانۆییەکانیشی بەئەمانەتێکی زانستی کاری لەسەر بکرێت.
بەداخەوە شانۆی کوردی لەو پانزە ساڵەی رابردوودا لەژێر دروشمی کاربکەو بەردەوام بە بەچەنین شێوە خۆی دەبارەو بیست بارە کردۆتەوەو لەو پێناوەشدا حکومەتی هەرێمی کوردستان پارەیەکی باشی بەخشیوە، بەڵام بەهەدەر چووەو جێی خۆی نەکردەوە ئەوە واقیعێکی گشتی شانۆی کوردییە، بەڵام ئەگەر بەخێرایی ئاوڕ لە شانۆی ئەوروپادا بدەینەوە، تەماشا دەکەین لەسەر بنەمای پێشبرکێ لە داهێنان و ئەزموونی نوێ گەیشتە ئاستی داهێنان، شانۆ لەسەردەمی رێنیسانسدا رووی کردە بینەری رۆشنبیر و ئەرستۆکراتی، شانۆی شکسپیر و تراژیدیاکانی توانی بینەری ئینگلیزی بهەژێنێ، شانۆییەکانی مۆلێر لەسەردەمی خۆی توانی بینەری فەرەنسی ئاسوودە بکات و شانۆییەکانی بریمنت توانی بەری لە چینایەتی بکات و ستاسنلافسکی توانی جارێکی تر ژیان لەسەر شانۆ لە قاڵبی هونەردا دووبارە بکاتەوە.
لە کۆتاییدا هیوادارم بزووتنەوەی شانۆی کوردی هەست بە بەرپرسیاریەتی خۆی بکات و بەتایبەتی گەنجەکان و لەژێر دروشمی ڕاهێنان بەرەو داهێنان تاکو بتوانین لەشانۆوە بەهایەکی جوان و جوانتر بەژیان ببەخشین و هیوادارم دەرهێنەر (مەهدی حەسەن) تێبینییەکانم بەهەند وەربگرێت و ئامانجم پێشکەوتن و سەرکەوتنیەتی بەهیوای داهێنان.
* کۆلێژی هونەرە جوانەکان – بەشی شانۆ

# نمایش و ئەویتر

گۆران عەلی کەریم

لەنێوەندی شانۆماندا ئەوبەتاڵاییەگەورەیەی کەتاوەکو ئێستا هەستی پێدەکەین و ئامادەی هەیە ڕەخنەیە،نوسینی جدی و کاریگەرە لەسەر بەرهەمە شانۆییەکان. هەڵبەتە دەبێت ئەوە بڵێم کەزۆرجار قسەکردنەکانمان تەنها لەسەر ئاستی زارەکییە یاخود لەمەجلیسی زەمکردنەکانمان،بۆیە دەبێت ئەوە بڵێم کەبەداخەوە لاوازترین ئاستی شانۆمان ڕەخنەیە نەک نمایش. زۆرجار هەندێک کەس بەناوی ڕەخنەگری شانۆوە بەبێ هیچ مەسئولیەتێک هەمو نمایشە شانۆییەکان ڕەفز دەکەنەوە،تواناو داهێنانەکانی نوسەر و ئەکتەر و دەرهێنەری و کورد زەربی سفر دەکات. یان ئەوجۆرە کۆلکە ڕەخنەگرانە بەتەنها ئەو جۆرە نمایشانەیان بەلاوە پەسەندەو بەشانو باڵیدا هەڵدەدەن کەخۆی پێی باشە بەبێ ئەوەی گوێ بدات بە چێژی سەدان بینەر و ڕۆشنبیری و هونەرمەندی تر. ئەمە تەنها ڕەخنەگری نەخوێنەوارو بێ دیدە کە یەک ڕەهەندی بیرکردنەوەی هەیە یەک جۆر دونیا دەبینێت کە دەتوانم ناوی بنێم ڕەخنەگری سەلەفی. چونکە نێوەندی شانۆی کوردی خاوەنی ئەکتەری باش و دەرهێنەری باش و بگرە خاوەن تێکستیشە کەچی کەسانێک لەپڕ لەجێگایەکەوە هەڵەتۆقن و بەبێ ئەوەی خوێندنەوەی بۆ ڕابردوی خۆی هەبێت دەڵێت ئێمە شانۆمان نیە دەڵێت تائێستا ئێمە خاوەنی یەک بەرهەمی شانۆی نین. بەڵام من بۆچونەکەی ئەوانە هەڵگێرمەوەو دەڵێم تاوەکو ئێستا ئێمە خاوەنی ڕەخنەگری جدی نین خاوەنی کەسێک نین کە هەموو تەمەنی تەنها خەریکی ڕەخنەی شانۆبێت. ڕەنگە کەسانێکمان هەبێت بەڵام زۆر زۆر کەمن کە هەندێک جار بەباشی دەنوسن و زۆرجار هەندێک پرسیاری ئێمە هەیە ئەوان دەیکەن کەهەمیشە ئەمانە جێگەی ڕێزن بەڵام ئەو بەڕێزانە خۆشیان باش دەزانن تائێستاش وەکو پێویست نەیان توانیوە ئەو بەتاڵاییانە پربکەنەوە کە کاری ڕەخنەگرە واتا تەنها کارکردنیان ڕەخنەی شانۆ بێت بۆیە زۆرجار ئەمانیش تەنها وەک بینەرێک ئامادەییان هەیە. شانۆ



لە ڕابردو ئێستاشدا خاوەنی ئەکتەر و دەرهێنەری بەتوانایە کە ئامادەی ئەمانە هیچی کەمنییە لەچاو ئەکتەرو دەرهێنەرەکانی دونیادا،تەنها کەمو کوریەک کە هەمانبێت نەبونی زەمینەیەکی گونجاوە بۆ ئەوەی هەلی کارکردنی زیاتریان پێببەخشرێت. تائێستا هیچ هونەرمەندێکمان نییە بەشێوازێکی پرۆفیشناڵانە کاربکات واتە تەنها کاری شانۆبێت، ئەگەر کەمو کوریەکیش هەبێت ئەوا لە ئەستۆی ئەواندا نییە بەڵکو بەرپرسیاریەتە مێژویەکەی دەگەرێتەوە بۆ ئەو کەسانەی کەدەسەڵاتیان بەدەستە لەم هەرێمەدا. من لەنوسینی ترما باسی ئەوەم کردوە کە بەرهەمی داهێنەرانەمان هەبوە بەڵام نەتوانراوە باش دیکۆمێنت بکرێت یاخود ڕەخنەگرێک بە جدی لە سەری نەنوسیوە. بۆیە ئەو بەرهەمە بۆتە خەمی کەسانێکی کەم کەئەویش ستافی شانۆییەکەیە.

دەبێت ئەوە بڵێم ئەوەی پاڵی بەمنەوە نا ئەم بابەتە بنوسم لەپاش نمایش کردنی شانۆی (کالیگۆلا) بوو. دەمەوێت بەخێرای هەندێک حکایەتی بەرهەم هێنانی ئەم نمایشە باس بکەم کە بێگومان ئەمە کێشەی هەمو شانۆکارێکە لەم وڵاتەدا.

**من و دەق**

یەکێک لەتایبەتمەندێکانی من ئەوەیە کە دەق وەکوخۆی ناگوازمەوە سەر شانۆ بەڵکو هەمیشە بەشوێن پرسیارێکی تری شاراوەدا دەگەرێم کە دەق پێم دەبەخشێت، زۆر دەق هەیە ڕەنگە ململانێ کردن لەگەڵیاندا

**2**

ئاسان بێت بەڵام نوسەرێکی وەکو (کامۆ) کەخۆی شارەزاییەکی باشی لە فەلسەفەدا هەیە بۆمن ڕوبەرو بونەوە بەرامبەری زۆر گران بوو کەزۆر جار هەستم بەبێ دەسەڵاتی خۆم دەکرد لەبەر دەمیدا، بەڵام ئەمە چۆکی پێدانەدام تاوەکو واز لە ڕوبەرو بونەوە بێنم لە بەرامبەریدا. دواجار گەیشتمە ئەو ئاستەی کە دەقێکی

تر لەهەناوی کامۆوە دروست بکەم بەڵام چیرۆک هەمان چیرۆک و ئەوەی گۆرانی بەسەردا هات لایمن دەستکاری کردنی فەزای دەقەکەبوو واتە لە دایک بونی روئیایەکی تر جیاواز لە نوسەر. نزیک کردنەوەیپرسیاری نوسەر لە ئێستای کۆمەڵگاکەم و گونجاندنی لەگەڵ ئەم سەردەمەدا. کەئەمانە پێویستی بەکات و بیرکردنەوەیە. بۆدروستکردنی دەقێکی تر یان باشتر بڵێم گەران بەشوێن روئیایەکی جیاوازتر لە نوسەر چوار مانگم پێچوە تاوەک و دەقێکی تر ئامادەبوە بەڵام دەقێک لە هەناوی نوسەرەوە.

## کۆکردنەوەی کاست

غەریبترین مەملەکەت بۆ کۆکردنەی ئەکتەرو پێداویستیەکانی شانۆی وەک دیکۆرست و لایتین و دیزاینەر ئەم مەملەکەتەی ئێمەیە، دەرهێنەر پاش هەڵبژاردنی دەقەکەی توشی کێشەی گەورە دەبێت بۆ کۆکردنەوەی ئەکتەر زۆرجار وەک ئەوەی بەشوێن خانوی کرێدا بگەرێت دەکەوێتە پرسوراکردن بە چواردەوری کە بەڵکو ئەکتەرێکی بۆ بدۆزێتەوە. من کە (کالیگۆلا)م هەڵبژارد تەنها ئەکتەرێک لەسەرەتاوە لەبەر چاومابوو وە هاوکاری سەرەتای کارکردنم بوو (سەفین ئەنوەر) بوو،من بەحوکمی ئەوەی کە مامۆستام لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان رەنگە کەمێک ئەو کێشەیەم کەمتربێت لە هاوەڵە دەرهێنەرەکانم کە ئەکتەری زۆرتر لەبەرچاوی ئێمەیە من دەزانم زۆر پرۆژە و خەون هەبوە لەبەر بێئەکتەری بە ئەنجام نەگەیشتوە،بۆیە هەرزوو گەرام بەشوێن ئەو ئەکتەرانەی کە خاوەنی وزەیەکی باشن هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنی کاتن، چونکە کەسانی باش هەبون هاوشانی ئەو خوێندکارانە بەڵام کات و ئەرکی ژیان بواری ئەوەی پێنەئەدان کاربکەن. من یەکێکم لەو دەرهێنەرانەی کە دەکەومە پرۆڤەوە کەمترین کاتی پرۆڤەم چوار سەعاتە و لە هەفتەیەکدا شەش رۆژ پرۆڤە دەکەین.ئەبێت



ئەوە بزانین کە شانۆکارانی تری دونیا هەموو رۆژێک هەشت سەعات پرۆڤە دەکەن بۆ کارێکی شانۆییان کەچی لێرە سەخترین شت نەبونی کاتی پرۆڤەیە زۆرجار کەسانێک شانازی بەوەوە دەکەن کە شەش مانگ لە هۆڵدان بەڵام وەک کات سەیری بکەین رەنگە کاری چل رۆژبێت. بەهەرحاڵ ئەم حاڵەتەی من بۆ زۆرکەس قورسە چونکە تا ئێستا شانۆ نەیتوانیوە هیچ هونەرمەندێک بژێنێت هیچ شانۆکارێکمان نییە تەنها پیشەی شانۆبێت، بەڵکو فەرمانبەری حکومییە یان لە کەرتی تایبەت کار دەکات. گەر ئەکتەرێک لە پلە یەکدا بیت تەنها هەشسەد هەزار وەردەگرێت، پێموانییە هیچ شانۆیەکیش لە سێ مانگ کەمتر پرۆڤە بکات. لەم دۆخەدا ئەرکی ژیان هێند قورس دەبێت زەحمەتە کەسانێک ئەم قوربانیە بدەن و بەبێ هیچ حسابکردنێک بۆیان تەمەنیان لە ناو شانۆدا سەرف بکەن. بەبروای من ئەوانەی شانۆ لەم وڵاتەدا دەکەن گەورەترین توێژی ئەم کۆمەڵگایەن. لەوڵاتانی تردا شانۆکار هەمو رۆژێکی کارکردنی موچەی پێدەدرێت هەروەکو چۆن کرێکارێک رۆژانەی خۆی هەیە شانۆکاریش بەو شێوەیە کاردەکات تەنانەت رۆژانی نمایشی پارەکەی زیاترە،وەئەگەر سەعاتێک زیاتر کاربکات ئەوا پارەی زیاتری بۆ حساب دەکرێت. کە بەداخەوە لەم وڵاتەدا شانۆکار لەسەر بوجەی خۆی لەگیرفانی خۆی شانۆ دەکات،کەچی ئەوانەی لەماڵەوە چوار مشقی

**3**

دانیشتون ئیرەییان پێدەبەن،بەو هیوایەی ئەوانە لەناو ئیرەیو پیسی خۆیاندا برزێن. کۆکردنەوەیستافی کالیگۆلا بۆمن قورس بوو، چونکە حەوت ئەکتەرم هەبوو پێویستم بەچەند هاوکارێکیش دەبوو، هەر لە رۆژانی سەرەتای پرۆڤەکردنمانەوە توشی ئەو کێشانە دەهاتین کەزۆربەی شانۆکانی تر توشی هاتون ئەویش رۆیشتنی ئەکتەربوو کە چەند ئەکتەرێکمان لە کارەکەمان چونە دەرەوە، لەگەڵ هاتنی هەر ئەکتەرێکی تازەدا ئێمە لەسەرەتای کارەوە دەستمان پێدەکردەوە چونکە بونیادی نمایشەکەمان پێویستی بەوەبوو. لە هەموو شوێنێکی تری دونیادا شتێک هەیە پێی دەوترێت پرۆتۆکۆڵ لەنێوانی بەرهەم و بەرهەم هێنەردا بەڵام کامە یاسا هەیە تاوەکو ئەم پرۆتۆکۆلە رەچاو بکات بەداخەوە ئەوەئێمەی کوردین خاوەنی ئەمە نین. بۆیە هەموو شتەکان لای ئێمە سوتفەن زۆرجار ئەکتەر چەند رۆژێکی کەم بەر لە نمایش بەبێ خواحافیزی و بە بیانوی جۆراو جۆر هۆڵەکە بەجێ دێڵن. من لەم کارەمدا هەندێک لەو کەسانەی کەناوی شانۆکاریان لە خۆیان ناوە هەوڵیان دەدا ئەکتەرەکانم رازی بکەن بەوەی واز لە شانۆکەمان بێنن تێناگەم ئەم ئاستی نەخۆشیە بۆچی؟

بەراستی شانۆکار لەم وڵاتەدا زۆرجار شەر لەگەڵ مەحاڵدا دەکات تاوەکو ستافێک کۆدەکاتەوە.

**بودجەو ڕاکردن بەشوێن پارەدا**

بێگومان ئەمە سەخترین لایەنی شانۆکارانە کەهەمیشە بەدەستیەوە دەناڵێنن، شانۆنییە لەم وڵاتەدا لەسات و کاتی خۆیدا نمایش بکرێت کۆمیدی ترین لایەنی شانۆکار پەیداکردنی بودجەی شانۆکەیەتی ئێمە لەم کارەماندا هەر لەسەرەتای مانگی یەکەوە پرۆپۆزۆڵی شانۆییەکەمان نوسی و ڕەوانەی لایەنی پەیوەندی دارمانکرد بەڵام لەبەر ئەوەی بودجە لە حکومەتەوە جێبەجێ نەکرابوو نەمانتوانی هیچ پارەیەک لەکاتی خۆیدا پەیدا بکەین. کارەسات ئەوەیە حکومەتێک هەموو شتێک دەوەستێنێت ژیان لەناو ئەم هەرێمەی ئێمەدا هێند کۆمیدیە هەمومان دەخاتە گریان دەبێت بڵێن ساڵ پێنجی مانگ نەک ساڵ دوانزەی مانگ. هەموو پرۆژەی ژیان لەم وڵاتەدا تەنها پێنج مانگە، من وەک پیشەکەی خۆم قسە دەکەم کەرەنگە هەموو لایەنەکانی تری کۆمەڵگا ئەم دەردەیان هەبێت. دەبێت ئەو حەقیقەتەش بڵێم کە بەرێوبەرانی هونەری هەمیشە هاوکاربون ئەوەی هاوکارنیەو لێمان تێناگات ئەو جێگەیەیە کەناوی خەزێنەیە. کە بەرهەمهێنانی کارێکی شانۆیی و جادە قیرتاوکردن وەکو یەک سەیر دەکات. ئەمە ئەو کێشە دەرونیانەیە کە لەسەر دڵی شانۆکار کۆبۆتەوە. کەچی جاربەجار کەسانێکی بێئاگا لە دونیاو شانۆ دەڵێن دەبێت شانۆ کەرتی تایبەت بەرێوەی بەرێت من نازانم ئەم خەواڵوانەی هونەر ئەم قسانەیان لەکوێوە هێناوە، پێشکەوتوترین وڵاتی دونیا سەرچاوەی یارمەتی دانی شانۆ حکومەتە، هیچ شانۆیەک نیە کە لە حکومەتەوە بودجە وەرنەگرێت. کەچی لەم وڵاتەی ئێمەدا کە شانۆ لەسەرەتادایە هەندێک کەسی بێئاگا لە شانۆ دەیانەوێت ئەو بودجە کەمەش ببرن کەوەک خێر لە حکومەتەوە دێت. هەژارترین و دواکەوتوترین وڵات بەقەد ئەم وڵاتەی ئێمە بودجەی کەم تەرخان ناکت بۆ شانۆ چونکە هیچ نەبێت لە وڵاتانی تر شانۆکار دەتوانێت لەسەر شانۆکەی بژی. بەڵام ئەوەی حکومەت دەیژێنێت هونەرمەند نیە بەڵکو فەرمانبەرەکانیەتی لە فەرمانگە هونەریەکاندا.

**4**

**نمایش و ئەویتر**

هەڵبەتە مەبەستم ئەویتر بینەرە،بینەر وەک ئەو ساتەی کەلەنمایشێکدا ئامادەیە. کێشەی گەورەی ئێمە لەو ساتەدا نیە کە بینەر ئامادەی نمایشە بەڵکو لەو ساتەدایە کەپێش نمایش ئامادەی هەیە، کەم جار ڕێک کەوتوە شانۆییەک بەر لە نمایشکردنی کەسانێک بریاریان لەسەر نەدابێت، کەسانێک کەپێیان وایە خۆیان نوێنەری ڕاستەقینەی شانۆن، ئەوانەی کە تابوتێکیان بۆ بیرکردنەوەو تێروانینی خۆیان دروست کردوە بۆیە هەر کارێک چوە دەرەوەی دەرگا داخراوەکانی بیری ئەوان ئەوا شانۆ نیە. مەترسی ئێمە لە دونیا بینینیان نیە بەڵکو لە نیەتیانە، لە هەناوی ئەم کەسانەدا نیەتی خراپ هەیە نیەتێک تەنها ئەوانە شانۆن کە ئەوان دەیکەن



یاخود ئەوانە شانۆن کە گوزارشت لە جیهانی ئەوان دەکات. ئەم جۆرە شانۆکارانە یاخود بینەرانە ئەوانەن کە پاسەوانی بۆچونە داخراوەکانی خۆیان و منداڵی دونیای سەلەفیەتن.

لەپاش نمایشی شانۆی (کالیگۆلا)مان دو ڕەخنە زۆر ڕوبەڕومان بوەوە. یەکەمیان ئەوەبو کەشانۆکەمان ماوەکەی زۆرە واتە لە سەعاتێک زیاترە کە نمایشەکەی ئێمە سەعاتێکو بیستوپێنج دەقیقە بوو، من تێناگەم ئەم جۆرە کەسانە ئەم جۆرە بینەرانەچی یاساو بەندێکیان هەیە بۆئەوەی نابێت نمایش لە سەعاتێک زیاتربێت، ئەو جۆرە کەسانەهەندێک جار دەکەونە پیاهەڵدانی خۆیان بەوەی سەیری نمایشی بێگانەیان کردووە چەند سەعاتێک بووەو بەبێ ئەوەی لەزمانەکە تێبگەن بەدیاریەوە دانیشتون کە ئەمە بێجگە لەخۆهەڵخەڵەتاندن و قبوڵنەکردنی کاری یەکتری هیچ جۆرە پاساوێکی تر نییە، بەڕاستی ئەمە ئەو دونیایەیە کە لەوەهم بۆخۆیانی دروست دەکەن ئەو جۆرە بیرکردنەوانە پێیان وایە هەرچی لەدەرەوەی زەمینی ئەوبێت گەورەیەو داهێنەرانەیەو ئەوەی سەر بە وڵاتی خۆیبێت ناوخۆییەو قبوڵ ناکرێت( بەختیار عەلی) لە نوسینێکیدا زۆرجوان وەسفی ئەو کەسانە دەکات و دەڵێت (ئەو جۆرە خوینەرە کوری شوێن و جێگایەکی دیاری کراوە لەو کتێبانە ناترسێت کە لەدەرەوە دێن مەترسیشی هەبێت وەک تێکستی خۆماڵی تورەو نیگەرانی ناکات. ئەوکاتەی تێکستی بیانی بەرز ڕادەگرێت لەوەوە نایات کەزۆر قوڵ بە کەلتوری میللەتانی تردا چۆتە خوارو ڕێزی بەرهەم و خەیاڵی فکری نەتەوەکانی تر دەگرێت، لەڕاستیدا ئەم جۆرە زۆرکەم لە بەرهەمی ئەوانیش تێدەگەن) ئەجۆرە بینەرە هەمیشە بۆهەندێک کردەی نا عەقڵانیان نمونەی دەرەوەی خۆیان بەخراپی دەهێننەوە کە جێی باوەڕکردن نیە کەسێک چوار سەعات بەدیار نمایشێکەوە دانیشێت هیچی

لێتێنەگات بەڵام شانۆیەک زمانی خۆیبێت نیو سەعات زیاتر لەو دیوارەی بە خەیاڵی خۆیدا کێشابێتی جێی قبوڵکردن نەبێت؟ ئەمەیە کە جێی گومانی منە، کەشانۆکەمان لە (ئامەد) پێشکەشکرد هەندێک لەو شانۆکارانە پێیان دەوتین با شانۆکە سەعاتێک بێت. ئەوکات بیرم لەوە دەکردوە گەر بەراستی ئەوانە بۆیەک ڕۆژ شانۆیان بەجدی بکردایە وایان نەدەوت، چونکە ئەو کارە بەرهەمی ئێمەبو نەک ئەوان. کارەسات لێرەدایە کە زۆرجار بینەر دەیەوێت دەست وەرداتە هەمو پرۆسەی نمایشەکە و بەو شێوەیەی لێبکات کە خۆی دەیەوێت بۆیە بەلایانەوە گرانە کە بیرکردنەوەو جیهان بینی ئەوانی تر بخوێننەوە.

**5**

خاڵی دووەم ئەوەبوو کەدەیان وت بۆچی دوای نمایش چوینەتە پشتی شانۆو نەهاتوین بۆئەوەی بینەر دەست خۆشیمان لێبکەن. زۆر دەمێکە گەیشتومەتە ئەو بروایەی کەپێویستم بە دەست خۆشی نییە پێم وانییە تەوقەی دوای نمایش هیچ شتێک لەمندا بگۆڕێت، دوو بۆچون بۆمن وەک و یەکوان،ئەوەی کەسێک



پێمبڵێت دەستت خۆشبێت ئەوەی کەسێک پێمبڵێت دەستت بشکێت. یان کەسانێک دوای نمایش بەکارێک دەڵێن باش یان خراپ کە ئەم دوو وشەیە بەبروای من دوو بۆچونی میزاجین چونکە دەشکرێت هیچیان نەوترێن. کەواتە ئەمە ئەو بۆچونە نییە کەبتوانێ گوزارشتی پێبکرێت و یارمەتی پرۆسەیەکی داهێنانە بدات یاخود خوێندنەوە بۆ نمایش بکات. جۆرێک بینەر هەیە هێزی بیرکردنەوەیان نییە هێزی قبوڵکردنی ئەویتریان نییە. بۆیە کاتێک کار دەکەوێتە بیرکردنەوەو تێرامان ئەوان تەنها بەم دوو وشەیە خۆیان ڕزگار دەکەن، بیماناترین دووجۆری بۆچونە چونکە گەرکەسێک هێزی تێرامانی هەبێت دەتوانی بواربدات بەخۆی کەمێک بیربکاتەوەو پاشان قسە لەسەر نمایش بکات، ئەوە هەژاری مەعریفەی بینەرە کە یان باش یان خراپ هەڵدەبژێرێت، وە هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدات ئەم بۆچونە میزاجیەی بەشێوەیەکی گشتگیر بەسەر ئەوانی تردا بسەپێنێت چونکە واهەست دەکات کە بۆچونەکانی ئەو بەشێک لە ئازایەتی تێدایەو دەتوانێت بێپەردە بۆچونەکانی خۆی دەربڕێت، بەڵام پێموایە ئەم جۆرە بینەرە بەهۆی ئەوەی ڕۆشنبیریان لاوازەو ئاستی مەعریفیان نیە پەنادەبەنە بەر ئەم دوو وشەیە. هەندێک جار بینەر بەرلەوەی بێتە ناو نمایشەوە داوەری خۆیداوە لەسەر کارەکە لای خۆی ئەوەی برانۆتەوە کە کارەکە باشە یان خراپە بۆیە کاتێک بەر نمایش دەکەوێت ئامادەی ئەوەی تێدانیە کە دیوە نادیارو مانا شاراوەکانی ئەو نمایشە بخوێنێتەوە، هەندێک جار لە نمایش تێنەگەیشتوە کەچی واخۆی پیشان دەدات کە شانۆکە هیچی پێنەوتوە.ڕەنگە ئەو قسەیە راستبێت کەدەڵێت هیچ هونەرێک هێندەی شانۆ لە بینەرەوە نزیک نیە چونکە پرۆسەی شانۆی پرۆسەیە کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕوبەڕوی بینەر دەبێتەوە کەواتە ناکرێت تێگەیشتن نەبێت لە نمایش. من تێناگەم چۆن کەسانێک هێزی ئەوەیان تێدایە کەدەتوانن وا لەخۆیان بکەن کە لە کارێک تێنەگەن، هەموو شانۆییەک لای بینەر یان جێگەی گفتوگۆو قسەکردنە یان هەڵگری هیچ جۆرە قسەیەک نیە، ئەگەر نمایش هێزی دروستکردنی دیالۆگی نەبوو دوای خۆی ئەوە بەبێدەنگ تەمەنی خۆی تێدەپەڕێنێت وەئەگەر دروستکەری بەرهەمی گفتوگۆبو ئەوا پرۆسەیەکە لە بەردەوام بوندا بەڵام پێموابێت تائێستا لەمێژوی شانۆی ئێمەدا هیچ نمایشێک نەبۆتە هۆی ئەوەی بەرهەمێکی تیوری بەدوای خۆیدا بەجێبێڵێت ئەمەش بەو مانایە نییە کە ئێمە شانۆمان نەبێت بەڵکو بەو مانایەیە کەئێمە بینەرێکی ڕەخنەگرمان نییە کە کەشفی نهێنیەکانی نمایش بکات.

دەکرێت ئەوە بڵێم ئەوەی بوە هۆی بەرهەم هێنانی ئەم نووسینە چەند قسەیەکی هونەرمەند (حەمەسوار عەزیز) بوو پاش ئەوەی ئێمە لە کوردستانی باکور (کالیگۆلا)مان نمایش کرد لەیەکەمین فێستڤاڵی شانۆی ئامەددا ئەویش یەکێک بوو لەو بینەرانەی کە لە باشورەوە بانگهێشتی ئەو فێستڤاڵە کرابوو ئەوەبوو لە ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێدا ستونێکی نوسیبوو بە چەند دێرێکیش قسەی لەسەر شانۆکەی ئێمە کردبوو، لەبەر سستی و لاوازی بابەتەکەی کە هەڵگری هیچ خوێندنەوەیەکی مەعریفی نەبوو بریارمدا هیچ وەڵامێکم نەبێت بێدەنگی من بووە شانسی قسەکردنی زیاتر بۆ ئەو، هەربۆیە کەناڵی (کەی ئێن ئێن) لە دوو بەرنامەی جیاوازیدا دەرفەتی ئەوەیان دایە کە قسە لەسەر نمایشەکەمان بکات و

ئەویش وەک ئەوەی لەسەر تەختی جەمشید دانیشتبێت قسەی دەکرد بەداخەوە ئەم جۆرە کەناڵانەی ئۆپۆزسیۆن کەوێنەیەکی تری کەناڵی دەسەڵاتن و لە هەناوی ئەوانەوە لە دایک بوون تەنها یەک دیوی بابەتەکان دەبینن یاخود ئەوان چیان خواست و چیان بوێت بەو شێوەیە دایدەشکێننەوە کە خۆیان دەیانەوێت. بۆنمونە لە بەرنامەیەکیاندا تایبەت بە

فێستڤاڵەکە لە دهۆک و زاخۆو سلێمانی کە شانۆیان بردبوو یەک کەسیان بانگ نەکردبوو، تاوەکو وەک نمایش کارێک قسە لەسەر فێستڤاڵەکە بکات، گەر ئەوان لە خزمەت هونەردابونایە بەلایەنی کەمەوە ئەکتەرێک یان دەرهێنەرێکیان بانگ دەکرد، پاش تێپەربونی ئەو کارە بەسەریاندا دەرفەتێکیان دایەوە بە (حەمەسوار عەزیز) و ئەویش جارێکی تر دەستی کردەوە بە هێرش کردن بۆسەر نمایشەکەمان. بۆیە دەڵێم هێرش نالێم رەخنە چونکە رەخنە عەقڵ و مەعریفەی لەپشتەوەیە کەسی رەخنەگر شاشەی ئۆپۆزسێن توشی حەماسی ناکات، دەبێت ئەوەش بڵێم من وەک هونەرمەندێک قسە دەکەم و خاوەنی هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی نیم ئەوەی کەدەتوانم بەرگری لەخۆمی پێبکەم نوسینە بۆیە ئامادەنیم بێدەنگی لەبەردەم وێنە ناشیرینەکانی ئەم شاشەیەدا هەڵبژێرم هەرچەندە بە ئامادەکارەکەیم وت کە وەڵامم هەیە وەک نەریتی خۆیان کە کاریان تەنها هێرش کرنە ئامادەنەبوو لێدوان لە من وەرگرێت بەهەرحاڵ رێگەی زۆرم هەیە بۆبڵاو کردنەوەی بابەتەکەم



لەبەرنامەی (پەیڤ)دا کاتێک قسە لەسەر هەرسێ شانۆکەی باشوور دەکات کەچووبون بۆبەشداریکردن لە فێستڤاڵی شانۆی ئامەد دا بەیەک وشە دەڵێت لاوازبوون وەک ئەوە وایە برای بێژەر داوای قەبارەی کردبێت و ئەویش بڵێت لاوازبوون، من پێم خۆشبوو بیشیان وتایە بۆ لاواز بووە بۆ کارەکان خراپ بووە، کە ئەم جۆرە وەڵامانە هەژاری رۆشنبیری کاکی رەخنەگر دەردەخەن، پاشان سێ نمایشی جیاواز کە هیچ شتێکیان لەیەکتر ناچێت هیچ پێوەرو یاسایەک ئەم نمایشانە پێکەوە کۆناکاتەوە ئەو بەرێزە ئاوا گوزارشت لە ئاستی شانۆ دەکات. لەجێیەکی تردا دەڵێت (بەداخەوە نەئەبوایە ئەو شانۆیانەمان ببردایەو ئەو ئاستە لاوازەمان پێشکەش بکردنایە) بەشبەحاڵی خۆم نەمزانیوە کاری کاکی رەخنەگر چیبووە

لەو فێستڤاڵەدا، پاشان چوونمان بۆ ئەوێ هیچ پەیوەندییەکی بەم بەرێزەوە نەبووە تاوەکو خۆی بکاتە حاکم و حوکمی هەڵبژاردنمان بدات هەموو پەیوەندییەکی من بە شانۆکارانی باکورو چونمان بۆ ئەوێ لەرێگەی هونەرمەند (موهسین عوسمان)ەوە بووەو هیچ پەیوەندیەکمان بەم بەرێزەوە نەبوە کەچی ئەوەتا خۆی کردۆتە ریش سپی هەموان و بە ئارەزوی خۆی قسەدەکات ئەمە ئەو جۆرە بۆچونانەیە ئەوەی ئەو بریاری لێنەدا شانۆنییەو ئەوەی داری ئەفسونی ئەو بەر سەری نەکەوێت هونەرمەند نییە، ئەمە ئەو جۆرە کەسانەن کەتووشی وەهمی بریاربون و ناتوانن لە عەقڵیەتی سەلەفی خۆیان رزگاریان بیت ناتوانن هیچ بیرکردنەوەیەک لەدەرەوەی خۆیان هەست پێبکەن کاتێک دیدێکی تازە غروری بینینە تاریکەکانیان دەشکێنێت بەهەر چوارلادا پەلدەهاون و دەکەنە ورێنەکردن، ئەو جۆرە بینەرە شورای بڵندیان بەدەوری بیرکردنەوەکانیاندا هەڵچنیوە ئەوەی لەنێو شوراو ژوورە داخراوەکانی بیرکردنەوەیاندا نەبێت جێی قبوڵکردن نییە، کە بەداخەوە کاکی پاڵەوانی شاشە لەپشت ئەو قەڵایانەوە بیردەکاتەوە کە بەدەوری خۆیدا دروستی کردووە. لە بەشێکی تری

قسەکانیدا لە کەی ئێن ئێن باسی ئەوەی کرد کە شانۆکارانی باکور بە بودجەیەکی کەم شانۆ دەکەن و لێرەش حکومەت بودجەیەکی زۆر تەرخان دەکات بۆ شانۆ، بەراستی ئەو قسەیەی بەهیچ جۆرێک وانییە من یەکێکم لەو کەسانەی هەمیشە دووبارەی دەکەمەوە کە حکومەت و وەزارەتی رۆشنبیری بەرپرسی یەکەمن لە پێنەدانی بودجەی تەواوەتی بە شانۆ، رەنگە بۆ کەسانێک ئەو پارەیە زۆربێت کەرۆژێکی لە تەمەنیان لە هۆڵی شانۆدا بەسەر نەبردووە ئەگەر کاک (حەمەسوار) رۆژێک لەناو هۆڵی شانۆدا بووایە تێدەگەیی کە لە دواکەوتوترین وڵاتی دونیادا ئەو بودجە کەمە بۆ شانۆ خەرج ناکەن، گەر تۆزێک زیاتر چاوتان بکەنەوە بەروی دونیادا دەبینن ئەوەی پشتگیری هونەر دەکات بەپلەی یەکەم دەوڵەتە بۆنمونە ئەمەریکا یەکێک لە بودجە هەرە گەورەکانی خۆی بۆ هونەر تەرخان کردووە نەک هەر ئەمەریکا بەڵکو زۆربەی وڵاتانی تر هەمان بودجە تەرخان دەکەن. دەبوایە بەرێزم لەو شانۆکارە کوردانەی هاوڕێمان بپرسیایە کە چۆن شانۆ دەکەن بەڵام ئەوامن وەڵامەکەی ئەوانت پێدەڵێم. تەمەنی شانۆ بەزمانی کوردی لە کوردستانی باکوردا شەش ساڵە ئەوان لەژێر فشارێکی زۆردا شانۆ دەکەن بەڵام ساڵانە



بودجەیەکی تایبەت لە وەزارەتی رۆشنبیرییەوە تەرخان کراوە بۆ شانۆو لەرێی شارەوانیەوە ئەو پارەیەیان پێدەدرێت کە بۆ هەرنمایشێکی شانۆیی سێ بەرابەری ئەو بودجەیەیە کەلە هەرێمی کوردستاندا پێمان دەدرێت نمونەیەکی تر بۆئەوەی خوێنەران و بەرێزیشتان بەرچاوتان زیاتر رونبێت، ئەکتەرو دەرهێنەرو سەرجەم ستافی شانۆییەکە بەمانگانە کار دەکەن لای ئێمە ئەکتەری پلە یەک (600$) دۆلار وەردەگرێت و دەرهێنەری پلە یەک (750$) دۆلار وەردەگرێت کارە هونەریەکانی تر ئەوەنە کەمن کە شەرم دەکەم ژمارەکانیان بخەمە سەر ئەم نوسینەم، من نازانم ئەو شارەزاو پسپۆررانە کێن لە وەزارەتی رۆشنبیری پێیان بەجەرگی خۆیاندا ناوەو ئەو پارانەیان دەست نیشان کردووە گەر ئەو بەرێزانە نمونەی دەولەتە خراپەکانیشیان وەرگرتایە ئەوەیان نەدەنوسی و بیکەنە فەرمان، جێی داخە لەم ولاتە (نان بۆ قەسابە و گۆشت بۆ نانەوا).

بۆ هەر ئەکتەرێک لە کوردستانی باشور مانگانە (1200$) دۆلار پاداشتێتی و کەسانی بە ئەزمون و پلە یەک دەچێتە (2000$) دۆلار ئەمە تەنها بۆ یەک مانگ ئەو پارەیە وەردەگرێت ئێترئەو ستافە چەند لەو کارەدابن مانگانەی خۆیان هەیە، کەسانێک کەوەکو کاکە (حەمە) کەبێئاگان لە شانۆ هەردەبێت ئەوە بۆچونیان بێت.

دەمەوێت بێمە سەر قسەکردن لەسەر ئەو ستونەی کەلە کوردستانی نوێدا نوسیویەتی کاک (حەمەسوار) لە سەرەتای نووسینەکەیەوە دەیەوێت وەک ئوستادێک خۆی دەرخات و قسە بکات و وەک معلمێکی سەردەمە کۆنەکان وشەی لەبەر کردووەو ڕێزبەندی پێدروست کردوە خۆ گەر ناوی نمایشەکەی ئێمەی لێدەربێنیت ئەوا قسەکانی شمولی هەمو نمایشێکی تر دەکات هەر لەسەرەتای قسەکانیدا لە شوێنێکەوە دەست پێدەکات کەئێمە دەستمان نەکردوە بە پرۆڤەش ئەوەتا دەڵێت (بەبینینی ئەو نمایشە وەک بینەرێک هەست بە نائامادەیی ئەو کارە ئەکتەرە دەکەین لەشانۆی کوردیدا کە پێی دەوترێت (دراماتۆرگ ئامادە نەبونی کارەئەکتەری دراماتۆرگ وایکردوە کەلێنێک لەنێوان دەرهێنەرو تێکستدا ببینرێت) بەبێ ئەوەی کاری (دراماتۆرگ باسبکات یاخود هیچ پێشەکیەکی هەبێت لەسەر نمایش وادەست پێدەکات کەمن تێناگەم ئەو کەلێنە مەبەستی لەچییە لەوە دەچێت لای کاکی ستون نوس ئیشی دراماتۆرگ پینەو پەرۆو لەحیم کردنی دەرهێنەربێت بە نوسەرەوە، من دەپرسم گەر نازانیت ئەرکی کارێک چییە بۆچی ناوی دەهێنیت یاخود بۆچی ئەرکی زاراوەکە باس ناکات، هیچ نەبێت من یەکێک نیم لەو دەرهێنەرانەی کە ئاسان شت بەسەرما تێپەرێت و کەسانێک بە ئارەزوی خۆیان زاراوە ریز بکەن.

لەجێیەکی تردا دەڵێت (بینەر لەم جۆرە نمایشە کە سەراپای دیالۆگی دورو درێژە هەست بەوەرسبون دەکات ئەگەر دەرهێنەر دیدگایەکی رونی نەبێت لە بیناکردنی نمایشەکەی و بکەوێتە نێو تەلبەندی تێکستی نووسەرەوە) بەراستی نەخوێنەوارترین کەس ئەم قسەیە ناکات لەبەر ئەوەی شانۆکەمان دیالۆگی درێژبووە، کاکی بینەرمان وەرسبووە من تێناگەم ئەم جۆرە لەبینەر چۆن جورئەتی ئەوە دەکەن ئەم دێرانە بڵێن هیچ نەبێت لەسەر کەسایەتی خۆیان دەکەوێت، من پێشتر قسەم لە بینەر کرد هەڵبەتە مەبەستم لەم جۆرە بینەرەیە ئەو بینەرەی کەدەیەوێت شانۆ ئەوشتەبێت کە ئەو دەیەوێت نەوەک ئەوەی کە نمایش دەیەوێت بیڵێت. من دەپرسم ئایا مەرجی وەرسبون کورتی و درێژی دیالۆگە؟ گەروابێت ئەوا شانۆنامە نوسانی دونیا قسەکەی ئەم بەرێزەیان رەچاو دەکرد یان لەوە دەچێت ئەم بۆچونەی ئەوەنە تازەبێت جارێ شانۆکارانی دونیا پێیان نەزانیوە ئەگینا هەمویان قسەکەیان جێبەجێدەکرد. دەپرسم ئایا نارونی ئەو دیدگایەی ئەو باسی دەکات چییەو چۆن؟ بۆئەوەی باشتر تێبگەیشتمایە کەچی ئەواتە دەبینین تەنها رستە فرێداوەتە سەر کاغەز، پاشان ئەم نمایشە لە هەناوی تێکستی نوسەرەوە لە دایک بووە ولە ژێر کاریگەری پرسیارەکانی ئەودا نمایشمان بونیاد ناوە پێم وانییە لە کاری نوێدا ئێتر دەرهێنەر بە ئارەزوی خۆی بکەیتە سەرو





گوێلاکی دەق، بەڵکو زۆرێک شانۆ هەیە هەرچەندە بەرەو دونیای نوێگەری بروات دەبێت دەق وەک پانتاییەکی ئامادە لەناو نمایشدا وجودی هەبێت، من کاتێک کامۆم هەڵبژاردوە لەژێر سێبەرو فکری ئەودا کارمان کردوە لە دواتردا هەمومان دەبینە منالّی نمایش، هەر دەرهێنەرێک دەقێک هەڵدەبژێرێت بۆ نمایشکردن بێگومان لە دیدگاو پرسیاری خۆیەوە نزیکە یاخود وا دەکات کە دەق بکات بە پرسیاری سەردەمی خۆی، یەکێک لەئەرکی ئێمە وەک نمایشکار ئەوەبوو کە دەق لە دونیای کۆمەڵگای کوردی نزیک بکەینەوە واتا پرسیارمان پرسیاری مرۆڤی کوردبێت گەر کەسێک بە گوێی داخراو چاوی نوقاوەوە هاتبێتە ناو نمایشەکەوە ئەوا بێگومان هیچ تێنەگەیشتوە کەسانێک خۆیان لەسەر ئەوەرادێنن کە تێنەگەن خۆیان رادێنن کە بیر نەکەنەوە یان ئاستی بیرکردنەوەیان داخراوە لەبەردەم جیهانێکدا کە لەجیهانی ئەو ناچێت. پاشان ناکرێت شانۆ هەمو شتێک بەشێوەیەکی راستەوخۆ بداتە بینەر هەڵبەتە بەبروای من خراپترین شانۆ ئەو شانۆیەیە کە هەمو شتێکی تێیدا رونەو دەرفەت بۆ بیرکردنەوەی بینەر ناهێڵێتەوە کەمن نازانم لەم جۆرە کارەیان بکەم بەڵکو بینەر دەبێت هاوبەشی شانۆکەبێت بەو پرسیارەی کە لای دروست دەبێت.لە شوێنێکی تردا ئاوا قسە لەسەر نواندن دەکات و دەڵێت(لەسەرەتای نمایشەکەوە ئەدایەکی رەق و وشکی ئەکتەرەکان لەفەزاو ئەتمۆسفێرێکی نائامادە دەردەکەوێت) لە ماوەی تەمەنی کارکردنی شانۆمدا بۆیەکەمین جارە گوێم لە وشەی( ئەدایەکی رەق و وشک دەبێت) ئەم وەسفەی مایەی پێکەنینە لەوە دەچێت قسە لەسەر زەوی کشتوکاڵی بکات نەوەکو کارێکی شانۆی. برادەری ئەزیز شانۆ هونەرە هونەریش پێویستی بەزمانی تایبەت بەخۆیەتی ئەگەر ئەو جیهانە نەناسیت هەرگیز ناتوانی قسەشی پێبکەیت من دەزانم ئەوە هۆکاری کەم ئەزمونیتە لە شانۆدا هۆکاری نەخوێنەوەتە ئەگینا هەرگیز ئەمجۆرە وەسفانەت بە کار نەدەهێنا. من ئەگەر ئەو تێبینیەی تۆ بدەم بە ئەکتەرێکم و پێی بلێم ئەدات رەقە لەوانەیە نەزانێ چۆن نەرمی بکاتە پاشان هیچ ئەکتەرێک نییە لەسەر رەقی و نەرمی خۆی پەروەردەبکات، یان ئەگەر بە ئەکتەرێک بلّێم ئەدات وشکە ئەبێت چیم وەڵام بداتەوە. ئەوەی بۆمن جێگەی نیگەرانییە ئەو تێبینی و قسە بێمانایانەن کەهیچ خزمەتێک بە شانۆ ناگەیەنن و کەچی دەشکرێن یان کەسانێک بۆئەوەی قسەبکەن ئیتر شتێک هەر دەڵێن کەخۆشیان نازانن ئەوە چییە دەیلێن. گەر دێربەدێری نوسینەکەی باسبکەم پڕە لەم هەڵانەی کەوەک و نمونە هێناومنەتەوە کە لە هەندێک دێردا نازانین
مەبەستی ئەم بەرێزە چییە.پێم وایە نوسین بەرپرسیاریەتیە ئەگەر نوسەر هەستی بەو بەرپرسیاریەتیە نەکرد ئەوا بێمانای نوسینە چونکە پرۆسەی نوسین بەرهەمی مانایە بەرهەمی دونیایەکی ترە کە ئێمە هەستمان پێنەکردوە، بەتاییەت ئەو نوسینەی کە کردارێکی رەخنەییبێت چونکە رەخنە کەشفی نهێنیەکانی بەرهەممان بۆدەکات دیالۆگێکی عەقڵانیە لەگەڵ بەرهەم هاتودا کەواتە دەتوانم بلێم زیندوو راگرتنی بەرهەمە، بۆئەوەی بەرهەمێک لەمەرگ رزگاربکەین پێویستمان بەرەخنەیە. دیوێکی تری نوسینیش ئەوانەی لەچوارچێوەی خۆیاندان و نیەتی کوشتنی مانای تازەو چەمکی تازەیان هەیە دەیانەوێت لەرێی نوسینەوە بەرهەمەکە بکوژن نەوەک لەمەرگ رزگاری بکەن بۆیە پێویستە بەتوندی وەڵامی ئەم جۆرە نوسینانە بدرێتەوە تاوەکو هێزی داهێنان کۆتای پێنەیەت.

# ئێمەو نمایش و وەهمی شانۆکاری کورد

**حەمەسوار عەزیز**

لەم دوڤەرەی ئێمە بۆتە کارێکی باو هەمیشە هەندێک شانۆکار بەهانە بۆ فەشەڵ و سەرنەکەوتنی خۆیان بێننەوە، لەوەش ئاسانتر نییە هەرکەسێک ووشەیەکی دەربارەی نمایشێکی ئەو بەڕێزانە درکاند و لەگەڵ میزاجی ئیبداعی ئەوان یەکنەگرێتەوە، کۆمەڵێک توهمەو ناوو ناتۆرەی بۆ دروستبکەن، تەنها بۆ ئەوەی بۆ خەڵکی بسەڵمێنن کە ئەوان داری زۆر بەرزو بەردارن و خەڵک وەک ناحەزێک هەمیشە بەردیان تێدەگرێت.

دوای گەڕانەوەم لە ڤیستیڤاڵی شانۆی ئامەد لە پاشکۆی ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ وتارێکم بڵاوکردەوە لەژێر ناوی " سێ نمایش لە ڤیستیڤاڵ شانۆی ئامەددا"، کە تیاییدا بە کورتی باسی سێ نمایشی شانۆیی ئەو ڤیستیڤاڵەم کرد، دواتریش لەبەرنامەی "پەیڤ" لەتەوەرێکی ئەو بەرنامەیە باسی هەندێک نمایشەکانی ڤیستیڤاڵم کرد لەنێویاندا ئەو نمایشانەش کە لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ ئەو ڤیستیڤاڵە بانگهێشتکرابوون.

پاش ئەوەی زیاتر لە سێ مانگ بەسەر ئەمانە تێپەڕی سەرسەمام بووم کە بینیم برای بەڕێزو هاوڕێی ئازیزم (گۆران عەلی کەریم) کە دەرهێنەری یەکێک لەو نمایشانە بوو لە وتارێکدا لە ژێر ناوی (نمایش و ئەویتر) زۆر بەتووندی هێرشدەکاتە سەر من و کۆمەڵێک توهمەو تانەی ناڕەوا دەخاتە پاڵم کە دڵنیام خۆی بەر لە هەموو کەسێک بڕوای پێیان نییە.

من سەرەتا دەبێ سوپاسی بکەم چونکە ئەو ئەگەرچی لە وتارەکەی کۆمەڵێک ووشەو دەستەواژەی نەگونجاوی بەکارهێناوە کە دڵنیام لە ئاستی ئەدەب و هزری ئەم هاوڕێیەم زۆر نزمترە، بەڵام زۆر سوپاسی دەکەم کە دەرفەتی پێدامەوە جارێکی تر قسە لەسەر ئەو وەهمە بکەم کە هەندێک شانۆکاری کورد تێیکەوتوون و خۆیان لێ گۆڕاوەو وادەزانن ئەوان (ساموێڵ بێکیت) ی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوون، بەڵام بینەری ئێمە ئەوەندە نەخوێندەوارو جاهیلن لە نمایشە ئیبداعییەکانی ئەوان سەر دەرناکەن، بۆیە ڕەنگە پاش دەیانساڵی تر ئینجا ئێمەی بینەرە نەخوێندەوارەکان بەهاو قەدری ئەو داهێنەرە مەزنانە بزانین و پەنجەی پەشیمانی بگەزین.

سەرەتا کاکە گۆران من بەوە تاوانبار دەکات کە ڕەخنەم نەگرتووەو هێرشم کردۆتە سەری، منیش دەڵێم بۆ ڕاست و دروستی ئەو قسەیە بابەتەکە ماوە لە کوردستانی نوێ و چەند سایتێک بڵاوکراوەتەوەو خوێنەرانی بەڕێز دەتوانن بۆی بگەڕێنەوە، ئینجا دەردەکەوێ ئەوە منم هێرشم کردووە یا کاکی دەرهێنەر خۆی لێگۆڕاوەو پێیوایە ئەو کەسێکە لەسەرووی ڕەخنەوەیەو بەو چەند دیرە کە ستایشی و پیاهەڵدانی جەنابیانی تیادا نییە، ئاسمانی لەبەرچاو تاریک دەبێت و بە ئسلۆبێکی زۆر نزم تۆمەت دەبەخشێتەوە کە هەرگیز بڕوا ناکەیت ئەمە ئاستی بیرکردنەوەی مامۆستایەکی پەیمانگای هونەرەجوانەکان بێت و ساڵانە سەدان خوێندکار پەروەردە بکات.

لە شوێنێکی تردا دەڵێ "کەسی ڕەخنەگر شاشەی ئۆپۆزسیۆن تووشی حەماسی ناکات" یا دەڵێ "ئەمجۆرە کەناڵانەی ئۆپۆزسیۆن وێنەیەکی تری کەناڵی دەسەڵاتن"، بۆ یەکەمیان دەڵێم کاک گۆران وتارەکەی من لە کوردستانی نوێ ماوەیەکی زۆر پێش دیدارەکەی کەناڵی (knn) بڵاوکرایەوە، لە بەرنامەکەش هەمان بۆچوونەکانی نووسینەکەی کوردستانی نوێم





دووبارەکردۆتەوەو شاشەکە حەماسی زیاد نەکردووم، بۆ برگەی دووەمیش کە جەنابت ئەوەندە ڕقت لە کەناڵەکانی دەسەڵاتەو کەناڵەکانی ئۆپۆزسیۆنی پێدەچوێنیت، خێرە براکەم ماوەی چەندین ساڵە لە کەناڵی گەلی کوردستان بەرنامە ئامادەو پێشکەشدەکەیت و پارە وەردەگرێت، کەبەڕێزت تا ئەو ڕادەیە کەناڵەکانی دەسەڵات و پۆپۆزسیۆن بە قێزەون دەبینیت، باشتر نەدەبوو ئەم قسەیەت بەکردار بسەلماندبایەو کارت لەو جۆرە کەناڵانە نەکردبایە، بەڕێزت ئەوە بە دووفاقی و ئیزدیواجیەت نابینی لە کارەکتەری خۆت کە بڕوات بە کەناڵێک نییە کەچی کاری بۆ دەکەیت و پارەی لێوە وەردەگریت.

لەبرگەیەکی تردا کاک گۆران زۆر بەوە سەخڵتە کە من ووشەی (لاواز)م بۆ ئاستی هەر سێ نمایشەکەی باشوور بەکارهێناوە، منیش پێموایە ڕاست دەکەی چونکە ووشەی دروست ئەوەیە کە بڵێم (ئاست نزم) بوون، بەڵام من هەندێجار لەنێوان چەند زاراوەو دەستەواژەیەکدا کە هەمان تێگەیشتن ببەخشن هەوڵدەدەم ئەوە هەڵبژێرم کە دەزانم ئازاری بەرامبەرەکەم نادات، بۆ ئەوەش کە هۆکارەکانی ئەو لاوازییەم ڕوون نەکردووە لەم بەرنامەیە لەبەر ئەوەبوو کە من لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بەدیدگای خۆم باسی هەندێ لە هۆکارەکانم کردبوو نەمویست دووبارەیان بکەمەوە لە بەرنامەیەکی (25) دەقەیی کە زیاتر لە حەوت تەوەری تیادا باسکرا.

لەشوێنێکی تردا ڕەخنە لەوە دەگرێت کە من گوتومە کە نەدەبووایە ئەم نمایشە لاوازانە(ئاستنزمانە) بۆ ڤیستیڤاڵە کە بەرین و پرسیار دەکات ئەمە کەی پەیوەندە بەمنەوە هەبووەو من چی بووم لەو ڤیستیڤاڵە؟ بۆ وەلامی ئەمەش دەڵێم ئازیزم کاک گۆران ئەوە من بووم کە بەڕێزت و شانۆگەرییەکەتم پاڵاوت بۆ ئەوەی وەک نوێنەری باشوور لەم ڤیستیڤاڵە بەشداری بکەیت، بۆ ڕاستی و دروستی ئەمەش دەتوانی پەیوەندی بە (موحسین عوسمان)ەوە بکەیت، ئەمەش هەمووی ئەو گوتارە دووردرێژەی جەنابت ڕەتدەکاتەوە گوایە ئێمە پێش ئەوەی بچینە نێو هۆڵی نمایش بڕیاری پێشوەختە لەسەر نمایشەکان دەدەین، من ئەگەر جگە لەڕێزوخۆشەویستی شتێکی ترم بەرامبەر بەڕێزت هەبووایە، پێشنیازی بردنی ئەو نمایشەی جەنابتم نەدەکرد، زۆریشم پێخۆشە لەداهاتوودا بەهیچ سەرنجێک فشاری خوێنت بەرز نەبێتەوەو توهمە بۆ خەڵک نەچنیتەوە، چونکە من بینەرێکی ئەو نمایشەم و مافی خۆمە گوزارشت لە سەرنجەکانی خۆم بکەم و هیچیش بەلامەوە گرنگ نییە تۆ چاوەڕێی چیت لەمن دەکرد، چونکە هاوڕێیەتی من و تۆ شتێکەو قسەکردن لەسەر کاری هونەری شتێکی ترە، من ناشزانم ئەگەر من ئەوەندە جاهیل و بێ مەعریفەتم بۆ دوای نمایشەکە داوات لێکردم کە سەرنجەکانی خۆمت پێبڵێم.

ئەی باشە هەموو خەڵکی سلێمانی و هەموو ئەوانەی دیاربەکریش جاهیلن و لەشانۆ ناگەن، بۆ ناوی چوار کەسم پێناڵێی کە چێژی لە نمایشەکەت وەرگرتبێت و بەکارێکی جوان و سەرکەتووی لە قەڵەمدابێت، ئەوەتا هەموو میدیاکانی ئەم وڵاتە، ئەگەر نمایشەکەی بەڕێزت ئەوەندە نمایشێکی پەسەندو چێژبەخش بوو، بۆ هەر بۆ نمونە چوار ووشەی چەند شانۆکارێک ناخەیتە سەر کاغەز کە نمایشەکەی تۆیان لا پەسەندو داهێنەر بووە.

لەجێگایەکی تر گۆران ڕەخنە دەگرێت کە وتوومە "ئامادەنەبوونی کارەکتەری دراماتۆرگ وایکردووە کەلێنێک لەنێوان دەرهێنەرو تێکستدا ببینرێت".بێئەوەی باس کاری دراماتۆرگ بکەم، من پێموایە ئەو مامۆستای پەیمانگایەو زۆر لە من باشتر دەزانێت کاری دراماتۆرگ لە شانۆدا لە هەموو قۆناغەکانی دروستکردنی کاری شانۆیی چییە، بۆیە من باسی ئەوەشم نەکرد چونکە لە کۆتاییدا گوتاری ڕەخنە ڕووبەڕووی شانۆکاران و توێژێکی بژاردە



شانۆی هەولێر



دەکرێتەوە، بۆیە کارێکی نۆرماڵە کە شانۆکار لە پێناسەو ئەرکەکانی دراماتۆرگ باش تێبگات، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە لەم وڵاتە ئەوەیە کە دەرهێنەر خۆی لێ دەبێتە خودای نمایش و ئامادەنییە هیچ جۆرە بەرچاوڕوونیەک لەکەس وەربگرێت، بەڕاستی ئەو وەزیفەیەی دەرهێنەر لەم وڵاتەدا هەیەتی لە هیچ فەرهەنگێکی شانۆکانی دونیا جێگەی نابێتەوە، من پێموایە شانۆ لە کۆتاییدا کارێکی بەکۆمەڵەو دەرهێنەریش وەک سەرکردەی کەشتی هەموو ئەو دیگاو تێڕوانینە جیاوازانەی کارەکتەرانی نمایش (نووسەر، ئەکتەر، دراماتۆرگ، سینۆگرافەر، ئەندازیاری ڕوناکی، موزیسیان، جل وبەرگ، ...تاد) کۆدەکاتەوەو لەنێو تێکستی تایبەتی خۆی جێگەیان بۆ دەکاتەوە یا بەپێی فەلسەفەی کارکردنی لە نمایشەکەی تەوزیفیان دەکات.

لە شوێنێکی تر باس لەوە دەکات کە من چۆن جورئەت دەکەم بڵێم " بینەر لەم جۆرە نمایشە کە سەراپای دیالۆگی دورو درێژە هەست بەوەڕسبون دەکات ئەگەر دەرهێنەر دیدگایەکی رونی نەبێت لە بیناکردنی نمایشەکەی و بکەوێتە نێو تەلبەندی تێکستی نوسەرەوە"، دەشلێت نەخوێندەوارترین کەس ئەم قسەیە ناکات،منیش دەڵێم ئازیزەکەم کاک گۆران ئێمەی بینەر بۆ ئەوە ناچینە نێو هۆڵی شانۆ تا ئەکتەر لەسەرەتاوە تا کۆتایی نمایش خەریک بێت تێکستی شانۆییەکەمان بۆ بخوێنێتەوە، ئێمە هەرچەندە نەخوێندەوارین بەڵام ئەوەندە ووشەو پیتەکان لیک جیادەکەینەوە کە بتوانین تێکستەکە لەماڵەوەش بخوێنینەوە، بەڵام کاتێ دەرهێنەرێکی وەک بەڕێزت کۆمەڵێک ئەکتەری گوناح و بەستەزمان دەخاتە سەرشانۆو وەک بەبەغا بۆ ماوەی یەک سەعات و نیو ووشەو ڕستەو دەستەواژە فڕێدەدەن، بێئەوەی دەرهێنەر بتوانێت ئەم ووشانە لەنێو پێکهاتەی نمایشەکە تەوزیف بکات و بەچەند جوولەیەکی سەرلێشێواوی دووبارە بێ ئەوەی هیچ مەغزایەکی مەنتیقی و جوانکارییان هەبێت نمایشەکەی تەژیبکات لە هاتوهاواری بەردەوام و جوولەی بێ بنەماو سینۆگرافیایەکی تەوزیف نەکراو کە هەمیشە بارستایی و بارگرانی بێت بەسەر نمایشەوە، پێمبڵێ بینەر چۆن وەڕس نابێت.

باشە من حوکمی پێشوەختەم لەسەر نمایشەکەی بەڕێزت هەبووەو هەر ویستوومە نمایشەکەت بشکێنم، باشە ئازیزم خۆ شانۆکارانی ئامەد حوکمی پێشوەختەیان نەبووە، بۆ ناپرسی بۆ کۆمەڵە شانۆکارێکی ئەوێ دەڵێن "ئەگەر ئێوە میوان نەبووان لە نیو سەعاتی یەکەم هۆڵەکەمان بەجێدەهێشت"، من لە هەولێر شانۆم بینیووە کە ماوەکەی دوو سەعات بووەو مەنەلۆگی تیادابوو کە ماوەکەی زیاتر لە 15 دەقیقە بوو، نمایشەکەش لە ناوەڕاستی مانگی شەش لە هەولێر بە ئامادەبوونی تەنها 15 بۆ 20 بینەر نمایشکراوە، کە خۆت دەزانی ئەو کاتە چەند گەرمە و هۆڵەکانی لای خۆشمان لەڕووی خزمەتگوزاری ساردو گەرمەوە چەند هەژارن، کەچی دوای ئەوە لە من بابەتێکی دوورودرێژدا باسی جوانیەکانی ئەو نمایشەو ئەدای ئەکتەرەکانیم کردووەو هەرگیز باسی وەڕسبوونم نەکردووە بەهۆی درێژی دیالۆگ، ئێمە نمایش و دیالۆگ بە بست و مەترو دەقیقە ناپێوین، ئێمە نمایش بە پێوەری جوانکارییەکانی بینین و بیستن دەپێوین و ئەو نمایشانەش پەسەند دەکەین کە هەموو هەستەوەرەکانمان پڕدەکەن لە چێژو ئاوێتەبوون و تێربوون.

بەداخەوە لای ئێمە نشوست هێنان لە ئەزموونێکدا کوفرێکی گەورەیەو هیچ کەس نییە بچێتە ژێربارییەوە، دەنا زۆر ئاساییە کە دەرهێنەرێک کارێکی وەک پێویست نەبێت و هیچ کاریگەرییەک لای بینەر بەجێنەهێڵێت وەک نمایشی (کالیگۆڵا)ی کاک گۆران، بەڵام کارەساتەکە لەوەدایە کە ئەو

بەڕێزە پێیوابێت ئەو داهێنانی کردووە بەڵام ناحەزانی وەک ئێمە چاومان پێی هەڵنایەت، بۆیە کاکی دەرهێنەر لە کۆتایی وەڵامەکەی کۆمەڵێک ووشەی بریقەدار فڕێدەدات گوایە ئەو ویستویەتی دەقەکە بەشێوەیەک داڕێژیتەوە کە خۆی ووتەنی "هەر دەرهێنەرێک دەقێک هەڵدەبژێرێت بۆ نمایشکردن بێگومان لە دیدگاو پرسیاری خۆیەوە نزیکە یاخود وا دەکات کە دەق بکات بە پرسیاری سەردەمی خۆی،یەکێک لەئەرکی ئێمە وەک نمایشکار ئەوەبوو کە دەق لە دونیای کۆمەڵگای کوردی نزیک بکەینەوە واتا پرسیارمان پرسیاری مرۆڤی کوردبێت گەر کەسێک بە گوێی داخراو چاوی نوقاوەوە هاتبێتە ناو نمایشەکەوە ئەوا بێگومان هیچ تێنەگەیشتوە"، جارێ من نازانم لەکوێی ئەم نمایشەی کاک گۆران پرسیارەکان پرسیاری مرۆڤی کورد بوون، ئایا پێویست دەکات هەموو نمایشە شانۆییەکان هەڵگری پرسیاری مرۆڤی کورد بن؟ شانۆ هەڵگری پەیامێکی مرۆڤایەتی گشتگیرە، شانۆکارەکانی وەک شکسپیرو برێخت و مایرهۆڵدو بیکێت و کامۆو برۆک هەوڵیان نەداوە کە پرسی شانۆکەیان تایبەت بکەن بە نەتەوەکانیان تا بەڕێزت ئەو کارە بکەیت، دواتر شانۆکار ئەوە نییە کەسێکی زیرەک و رۆشنبیرو ووشەڕێزکەر بێت، بەڵکو ئەگەر شەش دکتۆراشی لەسەر شانۆ هەبێت و لە گەورەترین زانکۆکانی دونیا وانەی شانۆ بڵێتەوە، ئەگەر ئەو مەعریفەیەی هەیەتی تەنها ووشە ڕێزکردن بێت و لە بەرهەم و کارەکانی ڕەنگ نەداتەوە، چ جیاوازی هەیە.

بەڕێزت باس لە بیناکردنی تێکستی دەرهێنەر دەکەیت لەسەر تێکستی نووسەر ئەمە قسەیەکە من نامەوێ لە رۆژنامەو گۆڤارێکدا لەتۆی ببیستم و بیخوێنمەوە، من دەمەوێ لە خودی نمایشەکەت ئەوە ببینم، چونکە ئەرکی تۆ وەک دەرهێنەر ئەوە نییە بڵێی من ئەوەم کردووە، دەبێ نمایشەکەت ئەوە بڵێت و بینەرو وەرگر حوکم لەسەر ئەو حەقیقەتە بدەن، هەرچەندە لای بەڕێزت هەموو بینەری کورد نەخوێندەوارەو هەمووشی حوکمی پێشوەختە لەسەر ئیشی تۆ دەدەن بۆیە بڕوام بەوە نییە تۆ بایەخ بەدیدگاکانی بینەر بدەیت، ئەوەتا هەرخۆت دەڵێی "دوو بۆچوون بۆمن وەک و یەک وان، ئەوەی کەسێک پێمبڵێت دەستت خۆشبێت ئەوەی کەسێک پێمبڵێت دەستت بشکێت".

لەشوێنێکی تردا تۆمەتبارم دەکات کە من قسە لەسەر زەوی کشتوکاڵی دەکەم دەنا چۆن ووشەی (ڕەق و وشک) بۆ ئەدای ئەکتەرەکانی نمایشەکەی گۆران بەکاردێنم، لێرەدا ببورە من خەڵکی هەولێرم لە هەولێریش ئەگەر کەسێک لە جوولەکرنا نەرم ونیان نەبێت بۆیە پێیدەڵێین (جەستەی ڕەق بووە)، پێشموانییە لە سلێمانی ئەمە ئەوەندە نامۆ بێت، یا ووشەی "ووشک" کە گوزارشتێکە بۆ ڕوخسارو شێوازی قسەکردنی مرۆڤەکان بەکاردێت، بۆیە من تێناگەم کاک گۆرانی هاوڕێم بۆ لەم دوو ووشەیە ئەوەندە قەڵس بووە، نالی شاعیریش دەمێکە وتوویەتی "کەس بە ئەلفازم نەڵی خۆ کوردییە خۆکردییە... هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنا دەکا"، هەرچەندە من دڵنیام ئەکتەرەکان لەژێر پاڵەپەستۆی ئەو دیدگا شێواوەی دەرهێنەر تووشی ئەم حاڵەتە بوون کە وایکردبوو ئەکتەرەکان هەموویان لەیەک بچن و لەجیاتی ئەوەی ڕەگەزی کاریگەری نمایش بن، وەک بووکەڵە کرابوون بە پاشکۆی خەیاڵە بەربادەکانی دەرهێنەرو هەستمان دەکرد دەرهێنەر بە پەتێکی زۆر ئەستوورەوە هەمووانی کۆت و بەند کردووەو لەسەر شانۆ بەدوای سێبەرە تاریکەکەی خۆی ڕایاندەکێش□ێت.

برادەرێکم ووتی بەدرێژایی مێژووی شانۆ لە کوردستان، زۆرینەی ئەوانەی کە قسەیان لەسەر نمایشەکان کردووە جا بینەربن یا ڕەخنەگر لە هەولێر سەریان هەڵداوە، من نامەوێ وەڵامی ئەم پرسیارە ببەستمەوە بەم وتارە پڕ دەمارگرژییەی گۆرانی هاوڕێم، چونکە پێموایە وەک چۆن خەڵکێک لە هەولێر کار دەکات و ئامادەگی قەبوڵکردنی ڕەخنەی تیایە، بە هەمان شێوەش لە سلێمانی شانۆکارانی ئەوێ کە ئیش دەکەن ئاساییە ئیشەکەیان ببێتە مایەی قسەو باس و مەرجیش نییە هەموو دیدگاو تێڕوانینەکان لەبەرژەوەندی نمایشەکەی ئەوان بشکێتەوە، بەڵام لە کۆتاییدا ئەوە قسەی بینەرەو لەبەرژەوەندی شانۆکار و ڕەوشی شانۆ دەشکێتەوە.

لەکۆتاییشدا حەز دەکەم ئەوە بڵێم من هەرگیز خۆم بە ڕەخنەگر ناوزەد نەکردووە، چونکە ئەوە ئیشی ئەوانی ترە ئەو سیفەتە یا هەر سیفەتێکی تر بەکەسەکان ببەخشن، بۆ نەخوێندەواریش زۆر ڕاستە من تا سەر ئێسقان خۆم پێ نەخوێندەوارە، چونکە ئەگەر نەخوێندەوار نەبم هەوڵی فێربوون نادەم و هەرگیز ناتوانم زیاتر بزانم، سوقراتیش زۆر دەمێکە وتوویەتی "جیاوازی من لەگەڵ خەڵکی ئەسینا ئەوەیە من دەزانم کە هیچ نازانم، بەڵام ئەوان نازانن هیچ نازانن".



مەولان حەمەدەمین

# پەیمانگای هونەرەجوانەکان دەبێتە دەروازەیەکی نوێی بینەرانی شانـۆ



هاوکات لەگەڵ دەست پێکردنی خوێندن، بۆ ساڵی (2011 - 2012) کارنامەی قوتابیانی دواقـۆنـاغ لـــەوەرزی یەکـەم، خـرایـەروو0 لـەم کارنـامـانـەدا کە لە لایـەن پۆلێک قوتابییەوە پێشکەش کران، ئاراستەیەکی نوێی بەخۆیەوە بینی، چ لەرووی تێکست، چ لەرووی ئاراستەکردن 0 فۆرمێکی زانستیانەی جیاواز لە ساڵی پار هەست پێکرا، تەنها شتێک کە مایەی نیگەرانی بوو بۆ کارەکانی پەیمانگا لە ساڵی رابـردوو ئەویش: گرنگی دانی زیـاد لـە پێویست بـە تەکنیک و فـەرامـۆش کـردنـی نـوانـدن لەرووی دروست بوونی حاڵەتە دەروونـیـیـەکـان و گـەیـانـدنـی هـەڵـوێـسـتـەکـان کـە (بـــۆدی) کەسایەتییەکان بنیاد دەنێن. گـومـان لــەوە دانـیـیـە سـوودی زۆر وەردەگیرێ لە کاریگەری دەنگی و روونـاکـی 000هـتـد، بـۆ هــەر کـارێـکـی شـانـۆیـی، بـەڵام ئـەوەی لـە نمایشەکانی رابردوودا هەستی پێکرا، بینینی روونـاکـی و دیکۆر و مۆسیقا بوو جەستەی ئەکتەر ئامادەگی نەبوو و نەدەما و ون دەبوو، دواتر ئەمیش دەبوو بەئامێرێک لـە ئـامـێـرە بـەکـارهـاتـووەکـانـی دەرهێنەر0 ئەکتەر وەک ئامێرێک کـاری دەکـرد بـۆ ڕێکخستنی سینۆگرافیای نمایشەکە، نەوەک بـۆ بـەیـەک گـەیـشـتـنـی دەق+ ئەندێشەی ئـەکـتـەر+ هـەسـتی بینەر. هەڵبەتە ئەم زیادەڕۆییە لە پشت بەستن بە تەکنیککاری بۆ پڕکردنـەوەی ئـەو بۆشاییە گەورەیەیە لەنواندندا، کەوا ئەو چرکە ساتانەی رووداوەکـانـی پـێ هــەڵـدەسـوڕێ یەکترگر و هاوتەریب نین لەگەڵ سۆزی ئـەکـتـەر! واتــا بـە زمانێکی تر بڵێین نیشاندانی ئاستێک بوو بۆ خۆنمایش کردن! نەوەک بڵێین ئەم کارەکتەرانە چیان لە یەکتر دەوێ یان بگەن بە ئەفراندنێکی بچووکی بینەر حاڵی بێت ئەمان بۆ لـەسـەر تەختەی شانـۆن و دەیانەوێ بڵێن چی؟

ئەمانە چەند سەرنجێک بوون: لەکارەکانی ڕابردوودا هەبوون و لەکاتی خۆشی هەندێک شت وروژا بـوون لە ڕۆژنـامـەکـان، بـــەڵام بـۆیــە ئــەم سـەرنـجـانـە دووپـــات دەکـەمـــەوە دەمـــەوێ، بڵێم : پەیمانگا ئاستی پارساڵی تێپەڕاندووە بەرەو ئاراستەیەکی نـوێ هـەنـگـاو دەنـــێ، زۆر بە ڕاشـکـاوانـە دەڵـێـم دوو شت دڵخۆشکەرو ئومێدبەخش بوو، دوو شتیش جێگای نیگەرانی بـوو، بـا لـە شتە چاکەکانەوە بدوێین؟ یەکەم: پۆلێک قوتابی زۆر چـالاک کەوتنە بەرچاو و خۆیان دیارخست0 کـەوا زۆر بـەجـورئـەتـەوە کـاریـان کـرد، بـەڵام پۆلێک بەم ژمـارە زۆرە!



جێگای ژمارەیەکی دیاریکراو بۆ نیگەرانی لە دڵی ئێمەدا ناهێڵێ.
دووەم: هەر هەمان هۆ کە لە سەرەتادا باسم کرد گرنگیدان بەلایەنی دەرهێنان و نواندن لایەنی ئەدەبی بەم ئاستە گەیشتبوون زۆر جوان هەوڵی هەڵبژاردنیان دابوو بۆ دەق 0 دەبێت بەئاگاییەوە دەق هەڵبژێریت بۆ ئەوەی لەسەر تەختەی شانۆ دڵنیابیت لەوەی کە دەیڵێیت و بینەر گوێت لێ دەگرێ 0 بۆیە هەموو دەقێک لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا شیاوی هەڵبژاردن نییە بۆ کارکردن تیایدا و کاتێکیش دەق دەخرێتە سەر شانۆ، دەبێت لەگەڵ خۆمان ڕاستگۆ بین، هەروەها دەبێت دڵنیابیت لەوەی کە بینەران بۆیە بڕیار دەدەن بێن بۆ شانۆ، چونکە هیچ گومانێک لە عەقڵ و تێگەیشتنی خۆیاندا نییە، دڵنیان توانای تێگەیشتن و لێکدانەوەی خۆیانیان هەیە 0 کەواتە ناتوانیت بینەر فریو بدەیت، دەبێت ڕاستگۆبیت0
من زۆر سەرسام بوم بەڕاستگۆیی لە کارکردندا بەرامبەر هەستە مرۆییەکان، ڕەنگە لێرەدا پرسیارێک خۆی قوت بکاتەوە بڵێ (بەڵام بەم مانا سێکسییە نا لەگەڵ داب و نەریت ناگونجێت؟) وەڵامەکە ئەوەیە داب و نەریت و هەموو دنیا نکوڵی لێ بکەن : هەستە مرۆییەکان کۆی گشتی ئەم هەستانەن کە مرۆڤی لێ پێکدێت، ئەگەر ئیمڕۆ بەڕاستگۆیی باس لە هەموو هەست و نەست و (غەریزەکان) نەکەین ئەوا بەیانی وەک دوێنێ (کبت)مان تووشی گرێی دەروونی ئاڵۆزمان دەکات، ئەنجام مرۆڤی شەڕانگێزی دەروون ئاڵۆز بەرهەم دێت. شتێکی زۆر ناهاوسەنگ لەنێو کۆمەڵگای ئێمەدا هەیە: بۆ پڕکردنەوەی غەریزەکان، بۆ خواردن شەرم بوونی نیە زیاد لەپێویست دەخۆین! بۆ خەو هەمان هەستمان





هەیە، بەڵام بۆ غەریزەکانی تری پێویست بۆ مرۆڤ، کەوا دروست بووە پێویستی پێیە تەنانەت باسکردنیشی شەرمێکە و زانیاریش لەسەری کەمە بەشی تێگەیشتن و خۆگونجانی نییە0 من داب و نەریت دڵنیا دەکەمەوە بە باس نەکردنی غەریزەکانی مرۆڤ ئەوا کوتایی نایەو ناپوکێنەوە ڕەنگە بگۆڕێن بۆ هەستێکی داخوازکەری دڵ ڕەق، ئەمە جگە لەوەی بەنهێنی دەمێنێتەوە، ئەنجام کۆمەڵگای ئێمە کۆمەڵگای نهێنییەکان دەبێت نەوەک ڕاستگۆیی0 لێرەدا دەمەوێ بڵێم پەیمانگا دەبێتە دەروازەیەکی نوێ، چونکە لەگەڵ کرانەوەی مرۆڤ بەرووی دنیادا لەرووی زانست و بەیەکگەیشتن دەبێت بەڕووی خۆشیدا بکرێتەوە و ڕووبەڕووی خۆی ببێتەوە و بزانێت جەستەو غەریزەی ئەو چیان لەو دەوێ بۆ ئەوەی وەک مرۆڤێکی سروشتی بژیت و ژیان لای خۆشەویست بێت، بۆ گشت ئەمانە هەوڵی زۆر لەکارەکاندا بەدی دەکرا بەتاینەتی لە کاری (پیاو کوژو سواڵکەر) ڕاستگۆییەکی جوانی تیا بەدی دەکرا0 هەروەها

لایەنێکی تریش کە پەیوەندی بە خاڵی دووەمەوە هەبوو ئەویش خستنەروو: هەوڵدرابوو بۆ دۆزینەوەی هزری بینەر لە ژێر ئەشکەنجەی گرژیدا ڕزگاری بکەن یان تۆزێک دووری بخەنەوە جارجارە هەوڵی بچووکی بەکۆمیدیاکردنی بابەتیان دابوو یان هەوڵی بەبابەت بوونی کۆمیدیایان کردبوو. ئەمەش ئەسڵی زۆربەی کێشەکانە لە دەرەوەی شانۆی شێوە زانستییەکەی0 زۆر جاران بەڕیسوابوون و گاڵتەجاڕ ئامێزیمان لە شوێنی کۆمیدیا بینیوە، ئەمەش شێوە سواویەکی بە شانۆی کۆمیدی بەخشیوە بەهای شانۆی لای بینەر کەم کردۆتەوە، بەڵام بەم شێوە زانستیانە کەوا کۆمیدیا کاتێک بینەر ناچار بە پێکەنین دەکات کە لە دیالۆگ خۆی دوور دەگرێ و بە کردەی هونەری ناهاوسەنگی لەنێوان ڕفتارو تێگیشتن نیشان دەدات ئەمە خاڵی بەیەکگەیشتنی بینەرو شانۆیە.

ئەگەر بێینە سەر باسی خاڵە لاوازەکان و لێی بدوێین دەبینین دوو خاڵی هاوبەش هەن لە زۆربەی کارەکاندا ڕەنگی دابووەوە ئەمیش، یەکەم: دەنگ لای ئەکتەر زۆر لاواز و ڕانەهێنراوبوو هەرچەندە بیستراو بوو، بەڵام بێزارکەربوو ئەمەش دوای پێنج ساڵ لەسەر شانۆ بەم دەنگە هەست دەکرا ڕاهێنانی دەنگ یان نەکراوە؟ یان زۆر کەم! چونکە دەنگەکان ناکامل بوون لەرووی دەربڕین و بەرزی و نزمی و گۆڕانی حاڵەتە دەروونییەکان ئەمەیان دەگەڕێتەوە بۆ ڕاهێنەر یان خودی ڕاهێنانەکان و یان قوتابی خۆی؟ نازانم

دووەم :هەڵچوونی ئەکتەر بەبێ هۆ، مانای ناتێگەیشتنێک دەگەینێ چ لەنواندن چ لە خەتی بینای درامیەکەی، زۆر کات ئەکتەرەکان دەیان قیژاند بەسەر یەکدا، کەچی حیوارەکانیان ئاسایی بوون هاوکات نەبوون لەگەڵ ماناکان. شتێکی بێزارکەرە کە بینەر هەست بکات هەڵچوونێک لە شوێنی خۆیدا نییە یان پێویست نییە.

بۆیە خاڵە لاوازەکانم خستە کۆتایی چونکە گومانم نییە چارەسەر دەبێت، وەک هەوڵی ئەمساڵ بە بەراورد لەگەڵ پارساڵ.